
# هەورامی زمانی ئایینی یارسان

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

٢٠١٣

**توێژینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە**

## کلتوور و ئەدەبیاتی یارسان ٣

# هەورامی زمانی ئایینی یارسان

**نامیق هەورامی**

**سلێمانی**
**٢٠١٣**

**هەورامی زمانی ئایینی یارسان**


- ❖ نووسینی: نامیق هەورامی
- ❖ بابەت: توێژینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە
- ❖ پیتچنی: نووسەر
- ❖ هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا
- ❖ نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- ❖ سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- ❖ قەبارەی کتێب: ½ A4
- ❖ ژمارەی لاپەڕە: ١١٦
- ❖ زنجیرەی گشتیی کتێب: (???)
- ❖ تیراژ : (٥٠٠) دانە
- ❖ چاپ: چاپخانەی ????
- ❖ نرخ: ???? دینار
- ❖ ژمارەی سپاردنی (???)ی ساڵی ٢٠١٣ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

## ئایین و زمان

**فەلەکەدین کاکەیی**

### پێشەکی:

وەختێك زمانی میللەتێك دەبێت بە زمانی ئایین، دیارە ئەو زمانە تا رادەیەکی باش پێشکەوتووە، تا بتوانێت تەعبیر لە راز و رەمز و ئەفسانە و نهێنیی ئایین بکات. هەموو ئایینەکان تەژین لە راز و مانای شاراوە و هێما و ئاماژە و وێنەی هونەری نزیك لە شیعرەوە.

هەر بۆیەش ئایینە کۆنەکان بە شێوازی شیعر داڕێژراون وەك زەردەشتی و دواتریش یارسان (کاکەیی). تەنانەت زمانی قورئانیش جوانترین و بەرزترین پلەی سەردەمی خۆیەتی لە زمانی عەرەبیدا. ئەوەندە رەوانبێژی و هونەر و تەعبیری جوانی هەبووە، هەر بۆیەش میللەتی عەرەب، بەر لە هەموو کەسێك، ئایینی ئیسلامی وەردەگرن، چونکە کەوتنە ژێر کاریگەریی رەوانبێژی و جوانکاری زمانی قورئان.



زمانی عەرەبی بەر لە هاتنی قورئان پێگەیشتبوو و شیعری عەرەبی بەر لە ئیسلام، کە بە شیعری جاهلی ناسراوە، بەرز و جوان بوو، ئێستاش عەرەبی ئەمڕۆ شانازیی بەو شیعرەوە دەکەن.

### ئاڤێستا و میدیا:

زۆربەی زانا و رۆژهەڵاتناسان لەو باوەڕەدان کە زمانی ئاڤێستا زمانی میدیاییە؟، چونکە زەردەشت پەیامبەر مرۆڤێکی ماد (یا میدی)بوو و لە دەڤەری ئەو وەختەی (میدیا) پەیدابووە.

جێگەی لەدایکبوونی زەردەشت لە نزیکەی ٦٦٠ ساڵ پێش زاییندا، وەك مێجەرسۆن دەڵێت "دەڤەرێکە کە ئێستا بە (مۆکرێ) ناسراوە، دەکەوێتە رۆژهەڵات و رۆژاوای دەریاچەی (ورمێ). زەردەشت لە تەنیشت رووبارێکی رۆژهەڵاتی دەریاچەکە لەدایکبووە و، دواتر کە بە پەیامبەری گەیشت یەکەمین ئاتەشگەوە (ئاتەشگا)، واتە پەرستگای زەردەشتیی، لە دەڤەری لەدایکبوونی دامەزراند، کە هێشتا دیوار و ئاسەواری ماوە و ساڵانە، لە نەورۆز، زەردەشتیانی ئێران و هیندستان و جیهان لەوێ گرد دەبنەوە و رێوڕەسمی زەردەشتی بەڕێوەدەبەن.

دەڤەری (مۆکری) باژێری (مەهاباد) و دەوروبەری تا مەڵبەندی زێد و ماوای زەردەشت دەگرێتەوە. بەپێی لێکۆڵینەوە و زانینی (مێجەرسۆن)ی رۆهەڵاتناس واژەی (مەهاباد) مانای (ماد)ی تێدایە، وەك چەند شاری دیکەی کوردستان: ئامەد، ئامێدی و ماکو (ماە کۆ)، ماردین. واژەی (ماد) بە شێوەیەك لە تۆی ئەو ناوانەدا پەیدا دەبێ، کە تۆژینەوەی زیاتری دەوێ.

گەورەترین و فراوانترین ڤـەکۆڵین دەربـارەی ئاڤێســتا، لەلایـەن زانایـانی رووسەوە، ئەنجامدراوە، کە دەڵێن زمانی کتێبـی (ئاڤێســتا) هـەمان زمـانی مادییە (میدییە)، چونکە لە ناوجەرگەی میللەتی ماد پەیدابووە و دانراوە.

دەزانن کە دەوڵەتی ماد بەر لە دەوڵـەتی فـارس دامـەزراوە، لەکاتێکـدا زەردەشتی بووبوو بە ئایینی میدییەکان، هێشتا فارسەکان وەریان نـەگرتبوو، بـەڵکو دەیـان ساڵ بـەدواوە ئـەمجا زەردەشـتی بـە ئـایینی رەسمـی دەوڵـەتی هەخامەنشی فارسی دانراوە.

زانا و رۆژهەڵاتناسان وەك سێرسدنی سمـیس و مینۆرسـکی و ئـەوانی تـر لایان وەهایە کە زمانی ماد (میدی) هەمان زمانی کـوردیی ئێسـتایە. جـا لەبەر ئەوەی ئاڤێستا بە زمانی مادی نووسـرابوو نـەك فارسـی، دەڵـێن کـە زمانی کوردی لـە زمـانی فارسـی کـۆنترە، چـەندین بەڵگـەش دەهێننـەوە، لەوانەش کە لە زمانی ئێسـتای کوردیـدا ژمارەیـەکی زۆری واژە و ئامـاژەی زمانی ئاڤێستا دەبینین کە لە زمانی فارسیدا بەو ئەندازەیە نییە.

زمانی (پەهلەوی) بە هەمان زمانی ئاڤێستا دەگوترێ. دەبـێ بڵـێین کـە نازناوی (پەهلـەوی) حەمـە رەزا شـا هـیچ پەیوەندییـەکی بـە واژەی کـۆنی پەهلەوییەوە نییە. ئەم زمانە، ئەوی تر تەنها نازناوێکە حەمە رەزا شا خستیە سەر ناوی خۆی تا شانازیی پێوە بکات.

ئێستا چەندین نموونە لە زمانی ئاڤێسـتا (یـا پەهلـەوی)کـۆن و زمـانی ئێستای کوردی دێنینەوە تا بزانین چەند لێکەوە نزیکن، بەڵکو هەر یەکن.



| زمانی ئێستای کوردی (بەزاری جیاجیا) | مانی ئاڤێستا - پەهلەوی |
|---|---|
| ئاسیاو، ئاش | ئاسیاو Asiaw |
| ئەسر، ئەشك، ئەسرین | ئەرس Aris |
| برا، برات، برادەر | برات Birat |
| ئاك، بەدی، خراپە | ئاك Ak |
| رۆژ | رو، روژ Ro ، Roj |
| ئامۆزگار، مامۆستا | Amozgar |
| زانین، زانیاری | Zan |
| ئاوس، حاملە، دووگیان | Apos |
| کەوچك، کەڤجك، قاشوق، قاشوغ | Kevcik (c لاتینی) |
| ئەرغەوان (رەنگ) | Argewan |
| پزیشك (S لاتینی) | Bizisk |
| وەریس، ورێس، گورێس | Awres |
| پەز، پس،گا و مەڕ و بزن | Pis |
| هێستر | Astir |
| تەم، تاریکی | Tem |
| هەور، ئەڤر | Awr |
| تەنێ، تەنیا | Teni |
| زوان، زمان | Uzwan |
| تۆم، توخمە | Tom |

| زمانی ئێستای کوردی (بەزاری جیاجیا) | مانی ئاڤێستا - پەهلەوی |
| --- | --- |
| درۆزن | Dirozin |
| با، هەوا | Bat |
| وایۆ، وا (بەهەورامی) | wayo |
| رۆشن، رووناك | Roshin |
| بازێ، بازوو | Bazi |
| بیش، دەردوئازار، ئێش | Bish |
| پۆست، پۆسە | Pose |
| پیم (پیم و گۆشت) | Pim |
| سیپ، سیڤ، سێو | Sip |
| کیژ، کنیشك، کچ | Kinik |
| مەزن، گەورە | Maz |
| بەرز | Berza |
| ماسی | Masya |
| تیژ | Tij |
| هێشتر، هوشتر، حوشتر | Hostera (لاتینی) |
| پرد، پر، پرا | Prada |
| هۆر،خۆر | Hor |
| مەگەز، مێش، پێشوولە | Mexshe |
| بەرخ، وەراخا | Berx |
| قسە | Xise ،QISE |
| توند، دیجلە Tiyger ،Tir | |



تێبینی: ئەو واژە کوردییانە هەندێ گۆرانی هەورامانین، هەنـدێ زازایـی، هەندێ کرمانجی سەروو، یاهی خواروون.

دیارە لێکۆڵینەوەی ورد سەدان واژەی دیکەی ئاڤێسـتا و کـوردی ئێسـتا ئاشکرا دەکات.

سێ تێبینی:

رۆژهەڵاتناسە زانا و شارەزاکان چـەند بەڵگەنامـەی گـرنگ دێننـەوە بـۆ ئەوەی بسەلمێنن:

یەکەم: زمـانی کـوردی لقێکـی زمـانی فارسـی نییـە، بـەڵکو کـوردی زمانێکی سەربەخۆیە شان بەشانی فارسی پەیدابووە و نەشونمای کـردووە. تـا ئێستا هەنـدێ نووسـەری فارسـی (هەنـدێ کـوردیش) زمـانی کـوردی بـە شاخەیەك (لقێکی) زمانی ئێرانی، بەمانای فارسی، دەزانن.

دووەم: هەڵەیەکی مێژوویی و زمانـەوانی و فەرهـەنگی هەیـە کـە هـەر وەختێك ناوی (ئێران) و ئێرانی دێتە پێش یەکسـەر هـزری کـورد و غـەیری کورد بۆ زمانی فارسی و وڵاتی فارس دەچێت. لەکاتێکدا وەها نییە.

فارسـی، زمـانی میللـەتی فارسـە، کـە زۆرینـەیان ئێسـتاش لـە چوارچـێوەیەکی جوگرافیـایی ئێـران دەژیـن. دوای نـەمانی دەوڵـەتی مـاد، میللەتی فارس دەسەڵاتی گرتە دەس تا ئەمڕۆ.

بەڵام واژەی (ئێران) لە فارس زۆر بەرفرەترە. ئێران ئاماژەیە بۆ ئارییان یـا ئارییەکان، هەموو ئەو میللەتانە دەگرێتەوە کە بە هینـدۆئاریایی ناسـراون، لەوانەش: هیند و کورد و ئەفغان و تاجیك و فارس و بلووج و ئەرمەن و هـی دیکە. بەواتایەکی دیکە زمانی ئێرانـی نـەك بـەس زمـانی فارسـە، زمـانی

سەنسکریتی هیندی و کورد و تاجیك و ئەفغان و بلووج و هی تر تایبەتمەندی میللەتی دیکەن.

ئەم میللەتانە لە چوارچێوەی جوگرافیاییەکی پان و بەرین ژیاون کە جوگرافیای بڵاوبوونەوەی ئایین و فەرهەنگی زەروانی (زەرڤانی) و میترایی و زەردەشتی و مانی و هی ترن. ئێستاش فەرهەنگ و کەلتووری ئەم میللەتانە هەر لەو بازنەیەدا ماوەتەوە و کاریگەرییان بەسەر میللەتانی دەوروبەر کردووە، وەك: یۆنانی و عێراقی ئێستا، سوریا، لوبنان، میسر، چین، باشووری ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست. بێگومان کیشوەری ئەورووپاش دەگرێتەوە، چونکە مەڵبەندێکی گرنگی هیندوئارییاییەکانە.

کەواتە واژەی (ئێران) تەنیا بە مانای (فارس) نەبووە و نییە، بەڵکو مانایەکی زۆر فراوانتری هەیە لە رووی زمان و فەرهەنگی و ئایینی و ئەتنۆگرافی و فیلیلۆلۆجی-یەوە.

سێیەم: بەڵێ، دروستە زمانی فارسی خزمەتێکی گەورەی کردووە، وەلێ زمانی کوردی و زمانی فارسی هەردووکیان لە بنەماڵەی هیندۆئارییایین. ئیتر کامەیان پێشتر هاتووە؟! وەکو گوتمان هەندێ ڕۆژهەڵاتناس دەڵێن کە زمانی کوردی کۆنترە لە زمانی فارسی، بە بەڵگەی ئەوە کە ئاڤێستا کە هەمان زمانی کوردییە بەر لە هەر کتێبێك یا دانراوەیەك هاتووە.

وەلێ راستی ئەوەیە هەردوو زمانی کوردی و فارسی لە یەك سەرچاوەوە هاتوونە، کە لەولاوە زمانی سەنسکریتی هیندیشی لێ پەیدابووە. هاوبەشی نێوان ئەو سێ زمانە ئێجگار زیادە.



کەواتە: میللەتانی کورد و فارس و هیند خزم و پسمامن و، یەك ریشەی زمانەوانیان هەیە، هەروەها جیهانبینی (فەلسەفەی) ئایینی هیندۆسی (برهمایی) زۆر نزیکە لە زمان و ئایینی زەردەشتی و زۆربەی ناوی خواوەند و فریشتە و راز و رەمزەکان لە هەردوو ئایین دا دووبارە دەبنەوە.

وەلێ زمانی فارسی زیاتر پێشکەوتووە چونکە هەمیشە بەکارهاتووە، چ وەکو زمانی دەوڵەت، یا نووسین و خوێندن و دانان، لەکاتێکدا زمانی کوردی ئێجگار کەم دەرفەتی هەبووە، تەنیا بەشێوەی زارەکی ماوەتەوە، ئەدەبیات و فۆلکلۆریش زارەکی و سنگ بە سنگ ماوە، لە یاد و زەینەدا ماوەتەوە. ئەویش تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی کوردی و میللەتانی دیکەی هیند و ئارییاییە (یا هیندوئەورووپایی).

وەختێك ئەسکەندەری مەکدۆنی ئێران و کوردستان تا نزیکەی هیندستان داگیردەکات ئاڤێستا و دەسنووسەکانی دیکەی زەردەشتی کە لەسەر پۆستی ئاسك نووسرابوون، کۆ دەکاتەوە و دەیانسوتێنێ. دەڵێن بە ئامۆژگاریی زانا یۆنانییەکان بەشێکی ئاڤێستا دەهێڵنەوە، تەنیا بەشی (گاتا) لە کتێبی ئاڤێستا بەدەست ئەسکەندەر ناکەوێ، چونکە هێشتا نەنووسرابوو، تەنیا لە ئەزبەری (یادی) موغانەکانی زەردەشتیبوو. دیارە لەبەر ئەوەی گاتاکان زۆر پیرۆز دەبن، نایاننوسن و، سنگ بە سنگ دەیپارێزن. دوای سووتاندنی بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا، بە ماوەیەك، موغ و موبەدەکانی زەردەشتی گاتاکان، بە نهێنی، دەنووسنەوە و دەیپارێزن، لەگەڵ هەر زانیارییەکی دیکەی ئاڤێستا کە لە بیری خەڵکدا مابوو. دوای ئەوە بە دووسەد سێسەدساڵ، زەردەشتییەکان دەچن تێکستە یۆنانییەکانی ئاڤێستا (وەرگێڕدراوەکانی سەر

زمانی یۆنانی) پەیدا دەکەن و وەریدەگێڕنەوە سەر زمانی خۆیان. واتە: بەشێکی کتێبەکەی خۆیان لە زمانی یۆنانییەوە دەگێڕنەوە.

ئێستاش بەشی (گاتاکانی) ئاڤێستا بە ڕەسەنترین و جوانترین تێکستی ئاڤێستایی دەزانرێ، کە بە تەعبیر و ڕەمز و ڕازی شاراوەی نەزانراو نووسراوەتەوە، هێشتاش بە تەواوی ماناکانی لێکنەدراونەتەوە.

بە کورتی دەتوانم بڵێم، زمانی ئاڤێستای میدیایی تا ڕادەیەکی باش لە تۆی زمانی کوردی و هیندی و فارسی و ئارییاییەکانی دیکەدا، خۆی پاراستووە و تا ئەمڕۆ ماوەتەوە. واتە ریشە و ئاسەواری زمانی ئاڤێستا لە نێو ئەم زمانانە دەدۆزینەوە: کوردی، تاجیکی، ئەفغانی، هیندی، فارسی، بلووجی، ئەرمەنی و هی تر.

کەوابێ تەمەنی ریشەی ڕاستەقینەی زمانی کوردی بۆ دوورتر لە سێ چوار هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە ئاڤێستا دادەبەزێ و بە زمانی مادی تەعبیری لێدەکرێت، دەبێ ئەم زمانە ئەوەندە دێرین و پێشکەوتوو بێ تا بتوانێ مانای فەلسەفی و ڕاز و ڕەمزی ئایینی دەربڕێت.

زمانی مادی مێژوویەکی درێژ بەر لە ئاڤێستای هەربووە. وەك زمانی عەرەبی و قورئان، یا زمانی سریانی و عیسەوی (مەسیحییەت)، یا زمانی سەنسکریتی هیندی و ئایینی برەهمایی (هیندۆسی)...

زمانی هەر میللەتێك ماوەیەکی درێژ دەبات تا پێکدێ و پێدەگات و ئامادەی دەربڕینی مانای بەرز و تێکچڕژاو (پێچیدە) دەبێت. هیچ زمانێك کوتوپڕ بە کاملی (ڕەسایی) پەیدا نابێ.



کەوابێ بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بە زمانی عەرەبی لە کوردستانا (واتە: ئەو جوگرافیا بەرفرە و گەورەیەی کە ئێستا کوردستانی پێ دەڵێن) زمانی کوردی هەبووە، بەو بەڵگەیە کە ئایینێکی جیهانگیر بە زمانی ئاڤێستایی (مادی و کوردی) لە سەرانسەری ئەم کوردستانەدا هەبووە.

ئایینێکی فراوانی دەوڵەمەند و قووڵی وەکو زەردەشتی، مومکن نەبووە بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت و لە یادی پەیڕەوانی بچێتەوەی، هەرچەندە لە هاتنی ئیسلامەوە ئیتر زمان و فەرهەنگی عەرەبی زاڵ بووە، بووە زمانی عیبادەت و دەوڵەت و خوێندن و نووسین، بەڵام ئاسەوار و کاریگەریی زەردەشتی و زمانەکەی، بە نهێنیش بێ، لەلای خەڵکی کوردستان و ئێران و وڵاتانی تر مایەوە، چ سنگ بە سنگ (ئەزبەر)، یا بە دزییەوە لە نێو هەندێ وەجاخی پیر و نەوەی پیرەکانی زەردەشتی، بەتایبەتی لە جێگە دووردەستەکانی چیا و دۆڵی سەرانسەری زاگرۆس و دەورووبەر.

**یارسان و سەرانجام و، زاری گۆران (هەورامان):**

ئالێرەوە پەنجەرەیەکمان بۆ دەکرێتەوە، تا بە شێوەیەکی ڕوون و سادە لە هۆکار و شێوەکانی پەیدابوونی ئایینی یارسان (کاکەیی) و کتێبی (سەرانجام) بە شێوەزاری گۆرانی کۆن ببینین.

یەکەم: با ریشەی زاری گۆران (هەورامان)ی کۆن و زمانی ماد و ئاڤێستا تێبگەین. (ئێستا تەنیا باسی یارسان و زمانەکەی دەکەین و ئایینە کۆنە کوردییەکانی دیکە دوادەخەین، چونکە لێرەدا ماوە کەمە و جێگەیان نابێتەوە).

دیالێکتی گۆران لە شێوەزارە سەرەکییەکانی کوردییە. زارێکی رەسەن و هەرە کۆنە، هەر بۆیەش ئایینی یارسان لە سەدەی دووی کۆچی (مشەختی) بە زاری گۆران (هەورامی کۆن) تازە بووەوە.

ئەم تەعبیرە ئێجگار گرنگە کە "نوێکرایەوە/ نووژەن کرایەوە"، چونکە دیارە پێشووتریش هەبووە. واتە: پێش ئیسلام.

بالوولی ماهی (ناسراو بە بالوولی دانا)، لە سەدەی دووەمی کۆچی (بەر لە هەزار و دووسەد ساڵ) لە ناوچەی لوڕستانەوە سەریهەڵدایەوە، بە شێوەزاری گۆران فەرمووده (قەول/کەلام)ی یارسانی داناوە و یارانی بە نهێنی بانگ کردووە تا ئایینی یارسان "تازە بکەنەوە". ئەم راستییە لە (٣) لایەنەوە گرنگە.

یەکەم: دووسەد ساڵ دوای هاتنی ئیسلام و زمانی عەرەبی، بالوولی دانا بە شێوەزارێکی کوردی ئایینێکی کۆنی کوردیی نوێ دەکاتەوە.

دووەم: شێوەزارەکە گۆران (هەورامانی کۆن) ئەویش لە ناوجەرگەی لوڕستانەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە لوڕستان زەمینەی هەبووە هەم بۆ ئایینەکە، هەم بۆ تێگەیشتن لە زاری گۆران.

سێیەم: دەڵێ: یارسان تازەبکەینەوە. واتە پێش ئەوە هەبووە. کە دەبێ پێش ئیسلام بێ.

لە بالوولی دانا، سەدەی دووەمی کۆچی تا دەرکەوتنی سوڵتان ئیسحاق (سەهاک) لە بەرزنجە و هەورامان، لە ناوەڕاستی سەدەی هەفتەمی کۆچی دا، ئایینی یارسان (کاکەیی یا ئەهلی هەق) شێوەی ئێستا وەردەگرێت و، لە



کۆی گشتی تێکستی فەرمووده و کەلامەکانی یارانی سوڵتان ئیسحاق دەردەکەوێ کە ئایینی یارسان ریشەیەکی کۆنی هەیە، بۆ زەروانی (زەرڤانی) و میترایی و زەردەشتی و مانی دەگەڕێتەوە و تێکەڵبوونی لەگەڵ ئایینی هیندۆسی هیندستانی هەیە.

هەروەها خۆی بە میراتبەری ئایین و فەرهەنگی مووسا و عیسا و محەمەد دەزانێ و تەواوی عارف و زانا گەورەکانی جیهانی ئیسلامی بە هی خۆی دەزانێ.

یارسان بڕوای بە دۆناودۆن هەیە. لە سەردەمی هەر ئایین و فەرهەنگێکدا دەرکەوتووە.

بۆ نموونە: (پیر بنیامین) کە یەکەمین یاری نزیکی سوڵتان ئیسحاقە، لە دۆنێکدا زەردەشت بووە، لە دۆنێکی تردا عیسا بووە، هەروەها لە زەمەنی ئیسلامیشدا بووە. ئیتر یارانی تر بەو جۆرەبوونە، کە بریتین لە (٤) فریشتە و (٧) تەن (هەفتەوانە)، چلتەن و چلانە، هەفتا و دوو پیر و ئەوانی تر.

یارسان هاتووە خۆی بە پوختە و جەوهەری هەموو ئایینەکانی پێش خۆی داناوە. هەروەها دەورە بە دەورە هاتووە، واتە: بازنەییە نەك ئاسۆیی. فەیلەسوفانی ئەڵمانی کارل مارکس و فریدریك هیگل و فریدریك نیچە، لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی زەردەشتیدا بڕوایان وایە کە زەمان و مێژوو بەشێوەی بازنەیی (دەورە بە دەورە) پێشدەکەوێ، نەك ئاسۆیی. ئەمە لە فەلسەفەی هیندیشدا تا ئەمڕۆ ئاشکرایە، چونکە خەتی ئاسۆیی لە

**خالێکەوە بۆ خالێکی دیکەیە و... ئیتر رادەوەستێ و تەواو دەبێ، بەلام خەتی بازنەیی (دەورەیی) یا ئەستوونی قەت نابڕێتەوە.**

**یارسان بە دەورەیی هاتووە و بە دەورەیی دەڕوات. دوای سوڵتان ئیسحاق دەورەیەکی دیکەی گرنگ هاتەوە، لە گوندی توتشامی ناوچەی گۆران/کرماشان، بە دەستی عارفی خواناسی گەورە (سەید براکە) سالی ١٨٧٢ی زایینی لەدایکبووە، دەرکەوت کە پیرێکی زانای یارسان بوو، چل کەسی لێ گردبوونەوە بە ناو (چلتەن)، بەناوبانگترینیان (دەروێش نەورۆزە). ئەم مەکتەبە تازەیە سەدان هەزار موریدی پەیدا کرد و تەکیەکەیان (جەمخانەکەیان) هێشتا بەردەوامە. دیارە لە داهاتووشدا دەورەی دیکە دەردەکەوێ.**

**مەبەستم بیرۆکەی پێشکەوتنی بازنەیی (دەورەیی) فەرهەنگی یارسانە.**

**لە سەدەی دووی کۆچی دا بالوولی دانا بانگی هەڵداوە تا ئایینەکە بە زمانی کوردی (گۆران) نوێژەن بکەنەوە.**

**لە سەدەی سێیەم و نیوەی چوارەم زانایەکی گەورەی دیکە دەرکەوتووە بەناوی (شاخۆشین) کە پەرەی بە ئایینی یارسان داوە و بەکارهێنانی تەمبوور (تەمیرە) و سازی مۆزیکی جۆربەجۆری لە ڕێوڕەسمی یارسان ڕەواج داوە.**

**ناوی چەند لە یاران و هاوکارانی شاخۆشین: دایە جەلالە، دایکی شاخۆشین، لیزا خانم جاف، فاتمە لوڕە و بابا تاهیری هەمەدانی کە لە دەفتەری (سەرانجام)ی کتێبی ئەسڵی یارساندا کەلام و فەرموودەی بە زاری گۆران هەیە، وەلێ چوارینە شیعرەییەکانی بە زاری لوڕی داناوە.**



**هەندێ ڕووناکبیری کورد هێشتا بابا تاهیر بە پەیڕەوی یارسان نازانن!!**

**تا سەدەی هەفتەم دەبینین کە ئایینی یارسان ئەم دەڤەرانەی گرتووەتەوە: لوڕستان، هەمەدان، کرماشان، گۆران و هەورامان، کوردستان (ڕۆژهەلات)، شارەزوور و دەشتی بەغدا و کەرکوك و موسڵ.**

**لە هەموو ئەو جێگایانە دا ئاسەوار و مەزارگە و ئارامگای زانایان و عارفانی یارسان هەن و ماون. هەندێکیان بوونەتە زیارەتگای خەڵکی غەیری یارسانیش، وەك: پردێوەر، ئارامگای سوڵتان ئیسحاق، هەروەها باوە (بابا) یادگار، بابا گوڕگوڕ، شا برایم لە بەغدا، خان ئەحمەد (ئیمام ئەحمەد) لە کەرکوك، کەل داود لە باشووری کرماشان، بابا بزورگ لە لوڕستان و چەندین جێگە لە هەمەدان و سەرانسەری هەورامان، بەتایبەتی پیر شالیار.**

**مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو کورتەباسە ئەوەیە تا ئەو فەرهەنگە بە زمانی کوردی (گۆران) گرێ بدەمەوە، چونکە لە ئەسڵدا تێکستەکانی یارسان (کە چەندین هەزار ڕووپەڕی قەوارە گەورە دەبن بە شێوەزاری گۆرانی کوردی دانرون: تەنیا قوشچی ئۆغلی کە یارێکی ئازەربایجانی بووە زۆربەی کەلام و فەرموودەکانی یارسانی بۆ زمانی ئازەری و زمانی تورکی وەرگێڕاوە. سەدان هەزار ئازەربایجانی و تەبرێزی و ئەردەبیل و زنجان و ورمێ و ماکۆ و قەزوین و هەمەدان و تەهران و جێگەی تر پەیڕەوی ئایینی یارسانن و سەدان جەمخانەیان دامەزراندووە.**

ئایینی کوردان:

دەگەڕێمەوە ڕۆژانی هەوەڵی پەیدابوونەوەی یارسان. بابا سەرهەنگ دەودان (ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی کۆچی) لە تێکستەکەیدا بە زاری گۆران دەبێژێ:

سەرهەنگی دەودان سەرهەنگی دەودان
ئەز کە نامێمەن، سەرهەنگی دەودان
چەنی ئێرمانان (یاران) مەگێڵیم (دەگەڕێم) هەردان (سەرزەمینەکان)
مەکۆشم (تێدەکۆشم) پەرێ (لە پێناو) ئایینی کوردان

واتە بابا سەرهەنگ بۆ پەیدا کردنەوەی ئایینی کوردان دەگەڕێ. کە یارسانە.

دیسان دەربارەی زمانی یارسان، سەید فەرزی (دەیەمی کۆچی) دەروێشێکی عارفی دیکە دەڵێت:

لەوز عەرەبیمان گێڵانە دەوران
کەردمان کەلام وە لەوز گۆران

واتە: لەفزی (زمانی) عەرەبیمان وەرگێڕایە سەر قەول و کەلامی لەفزی گۆرانی (کوردی).

کەوابێ، یارانی ئەم ئایینە زانیویانە چی دەکەن. دوای هاتنی ئیسلام بە کەمتر لە دوو سەدە یەکەمین زمانی غەیری عەرەبی لە جیهانی ئەو سەردەمەی ئیسلامیدا تەنیا کورد بوونە، کە بە زمانی پەهلەوی (پالەوی) هەورامی کوردی، ئایینی کۆنی خۆیان تازە کردۆتەوە. هەر بۆیەش یاران ئەوەندە پێدادەگرن لە کوردبوونی خۆیان و زمان و ئایینەکەیان، کە هەمووی



کوردییە. هەروەها تەواوی راز و رەمز و هیما و رێوڕەسمەکانی سەردەمی زەرڤانی و میترایی و زەردەشتی زیندوو دەکەنەوە. تێکستەکانی (سەرانجام)، کتێبی سەرەکیی یارسان، تەژیی ئەو راز و هیمایانەیە.

لەسەر ئەسڵبوونی یارسان یارێکی عارفی ئایینە رادەگەیەنێ:

"ئەسڵمەن چ کورد... ئەسڵمەن چ کورد"

واتە ئەسڵ و رەسەنی من کوردە. سووربوون لەسەر خۆناساندن بە کورد و، زمان و ئایینەکەی بە کوردی، کاردانەوەی ساڵانێکی دوور و درێژی بێبەشی و چەوسانەوە و نژادپەرستییە.

سەرەڕای ئەوەش، ئایینی یارسان خۆی لە چوارچێوەی تەسکی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد ئەسیر و زیندانی ناکات، بەڵکو بانگی جیهانگەرایی و مرۆڤایەتی گشتگیری دەدات و تەواوی ئایین و مەزهەبەکان و رێبازگەلی عیرفانی و سۆفیزمی بەر لە خۆی، لە هەناوی خۆیدا دەخوێنێتەوە و، لە روانگە و فەلسەفەی دنیابینی خۆیەوە دایدەڕێژێتەوە.

تەنیا کلیلی زانینی ئەو راستییە لە فەلسەفەی دۆناودۆنە کە زەمان و کات و جوگرافیا و نیشتمان و سنوور رەنگ و نژاد نازانێت. یارسان باوەڕیشی وایە کە سەرانجام هەموو خەڵك دێنە سەر رێگای راستی.

لە (گەواهی هەفتا و دوو پیرە و شەست و شەش غولام و هەفتەنەکان، کە لە سەرانجام دا هاتووە)، دەخوێنین کە دەیان پیرە و عاشق و دەروێشی یارسان لە سەرانسەری دنیاوە، لە سەدەی هەفتەمی کۆچی، دێنە هەورامان و لە پردێوەر (بارەگای ئەسڵی سوڵتان ئیسحاق)، بە ئایینی یارسان سەردەسپێرن (قبوولی دەکەن). ئەو جێگەیانی لێوە هاتوون لە هەموو کیشوەر و وڵات و

شـاری ناسـراوی ئـەو سـەردەمەیەن: چـین، هیندسـتان، ماچـین، بـەلگار، فەڕەنگستان (ئەوروپا)، مەغریب زەمین، میسر، شـام (دیمەشـق)، بـەیروت، ئەستەمبوول، ئـەنادۆل، شـاری زازا (مەبەسـت ناوچـەی زازاییـە)، بەغـدا، کەرکوك، کابل، هەمەدان، تەبرێز، ئەربیل، بەسرە، بابل، یەمـەن، لوڕسـتان، پارس (فارس)، ئەردەبیل، موسڵ، زاخۆ، مازندەران، شیراز، تکریت، کرمـانج (دەبێ مەبەست باکووری کوردستان بێ)، کەلدان، بەڕبەڕ، گەرگەڕی، رووسا (رووسیا)، مەندان، کەرەج، و دەیان شار و وڵاتـی دیکـە. هەنـدێ جێگایـان ئێستا نازانرێت، یا نەماون، یا ناوی تریـان هـەبووە وەك: خـاك کـا، بـاقری، بوراز، سۆلە، خامری، نـەوا، قـودرەت، سـەمات، نـانی، لاج لاج، میرفـەت، رەواق، زیانە، رەوان، زلان، قرقیمە، کەل هادی، بەندەر (نازانرێ کـام بەنـدەرە کە ژمارەیان زۆرە)، قەلاخ، مەتیتی، نـەملۆ، ئیـوان، جـەگیر، سـعود (ئـەو سەردەمە ناوی سعودییە نـەهاتبووە ئـاراوە)، قـەنات، سـەلیب، قەلاسـوف، شرەف، ساتان، ئەناران، مورخەت، خەتیب، حەزین، کۆزەرد، سـۆران (کـوێی سۆرانی ئەو سەردەمە؟)، زەقەن، نەجد دین (رەنگە نەجـدی ئێسـتای ولاتـی سعودییە بێ)، کەعبە (مەبەستی مەکەیە)، سەموم، زەردە، هەویرە، زەرانی، فەتار، مەندان، مەنات، شـەمام، سـەرکێوی، نەلامـەت، قـەرە پاپـا (ئایـا شاربووە، یا کۆمەڵگەیەکی خەڵکی قەرە پاپایە؟)، سورخەت، خەتا، هاشـم، لەمسا (ئایا مەبەستی نەمسا/ ئەویستریای ئێستایە؟)، خـاوەر، زیبـا، قـوم (شارێك بەو ناوە هەیە لە ئێران)، فروغ، قشاوی، کەمال، فـەرجام، بەشـیر، و چەندین ناوی دیکە... کە نازانرێ لە کوێن.

سەفەری مەعنەوی و دۆناودۆن:



دۆناودۆن، لە جەوهەردا رۆحی مەعنەوییە، بە گواستنەوەی مـەغزی رۆح لە قالّبی جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە دەکرێت، لە چەشـنی (فـلاش میمۆری کەمپیوتەر).

بەڵام تا ئێستا نەزانراوە و تەفسـیریش نـەکراوە ئایـا حـزووری ئـەو پـیر و مورید و عاشقانە لە سەرانسەری دونیاوە بۆ هەورامان، لە سەدەی هەفتەمی کۆچی (مشەختی)دا چۆن چۆنی بووە؟ ئایـا سـەفەری مەعنـەوی بـووە؟ یـا حزوری رۆحی دوور بە دوور بووە کە لە رێورەسمی عیرفانی کۆندا باو بووە؟ یـا دۆناودۆنەو، ئەو خەڵکە قالّبی خۆیان بەجێهێشتووە و رۆحیان لـە هـەورامان هاتۆتە قالّبـی دیکەوە؟ یا بە خۆیـان، بـە جەسـتەی فیزیکـی ئامادەبوونـە. ئەوەش بە پێی مەنتیقی زاهیری (رواڵەتی) و عەقڵ رێی تێ ناچێت، چـونکە لە رێگەی هـەرە دووری هەورامانـەوە هـاتوون و زمـانی کـوردی/ گـۆرانی هەورامی- پەهلەوییان نەزانیوە.

وەلێ هەموویان بەو زمانە کوردییە بە شێوەی شیعری رێکوپێکی کێش و سەودا گەواهی خۆیان داوە و لە تۆماری پردێوەر، لە پـێش شـای هـەورامان، کە سوڵتان ئیسـحاقە نـاو و ناونیشـانی خۆیـان نووسـیوە، وەکـو بڵێـی لـە کۆنگرەیەکی مرۆڤایەتی هەمەلایەنە ئامادە بوونە.

وەك گوتم: راز و نهێنی ئەو کـارە نـەزانراوە و زەحمەتـە بدۆزرێتـەوە. ئـەوە یەکێکـە لـە دەیـان رەمـز و راز و نهـێنی ئـایینی یارسـان، تـا ئێسـتا بـە (سەرمۆری/ واتە نهێنی و نەکراوەیی) ماونەتەوە.

بۆچی گۆران/ هەورامانی– پالەوی (پەهلەوی) بووە بە زمانی یارسان؟

ئا ئەوە پرسی سەرەکی ئەم بابەتەیە کە لە ئایین و زمان دەکۆڵێتەوە. دیارە ئاڤێستای زەردەشت بە زمانی مادی (میدی) نووسراوە چونکە بۆ میللەتی ماد دەرکەوتووە. (هەر قەومێك بە زمانی خۆی پەیامبەرێکی بۆ نێردراوە)، لە قورئاندا هاتووە.

کەوابێ، ئەمجارەش، لە سەردەمی تازە بوونەوەی ئایینی یارسان دەبێ بە زمانی خەڵکی هەورامان و لوڕستان و گشت کوردستان دەربکەوێتەوە (تەجەللی بکات). لە واقعیشدا ریشە و ئاسەواری گشت شێوەزارەکانی کوردی لە تۆی (سەرانجام) و دەفتەرەکانی دیکە دەبینینەوە، چ زازایی و کرمانجی سەروو، یا کرمانجی خواروو و (سۆرانی ئێستا) و کەلهوڕی و هەورامی و باجەلانی و رۆژبەیانی و زەنگەنە و کاکەیی عێراق و، گۆران و فەیلی و لوڕستانی... بۆ نموونە هەندێ کەس وەها دەزانن، کە زاری سۆرانی نزیکەی دوو سەدە یا کەمێك زیاتر بەکار دەهێنرێت، لەکاتێکدا لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا (واتە چوارسەد ساڵ پێشتر) زمانی سۆرانی جاف، لە دیالۆگی عابەدین جاف و نەرگس خانمی جاف و کۆمەڵێك زانا و مەلای موسڵمانی شارەزوور، لە تۆی کتێبێکدا، بەکار هاتووە. هەروەها لە زاراوەی گۆران-هەورامانی، وەك کرمانجی سەروو، (نێر و مێ) هەیە. (ئەز) و (ژ) وەك کرمانجی بەکاردێن و، نموونەی دیکە زۆرن.

لە بەراوردێکی خێرادا دەردەکەوێ کە شێوە زاری گۆران⁄هەورامانی درێژە پێدانی زمانی ئاڤێستایی مادیە، هەروەکو زاری (زازاییش وەهایە). هەر بۆیە ئەم دوو زارە لە زاراوەکانی دیکەی کورد، لە زمانی ئاڤێستا پەهلەوییەوە، نزیکترن.



زۆربەی رۆژهەڵاتناسان زاری گۆران⁄هەورامی بە پەهلەوی (پالەوی) ناو دەبەن. ئەمیش ئاڤێستاییەکەیە (ئەگەر لە سەدا سەدیش وا نەبێ، ئەوە ئێجگار لێکەوە نزیك و هاوبەشن).

مێجەرسۆنی رۆژهەڵاتناس دەڵێت کە زمانی ئێستای کوردی تەنیا زمانی رۆژهەڵاتی ناڤینە کە نەچووەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی (بێگومان وشەی عەرەبی وەرگرتووە)، بەڵام دەنگ و رێزمان و گرامەری وەك خۆی ماوەتەوە.

ناوەڕۆك و شێوە:

دیارە دەبێ شێوەی دەربڕین لە ئاست و راستا و ئاراستەی ناوەڕۆك بێت.

ناوەڕۆکی ئایینی یارسان بوژانەوە و نوێکردنەوەی زەردەشتی و ئایینە کۆنەکانی قەوی ماد و ئارییەکان بووە.

دیارە زمانی دەربڕینیشی دەبێ نزیك ببێ لە زمانی کۆنی ئەو ئایینانە کە ئاڤێستایی مادی پەهلەوییە.

گرنگیش ئەوەیە پێشەوایانی یارسان لە بالوولی داناوە، سەدەی دووەمی کۆچی تا دوو سەدەی دوایی، توانیانە بە کەرەستەی زمانی گۆران-هەورامانی هەم شێوەیەکی بەرزی هونەری شیعری دابڕێژن، هەم مانا و زانیاریی فەلسەفی وردی ئەو ئایینانە دەربڕن. مەگەر یەکێك لە نزیکەوە شارەزای زمان و ئایینەکە ببێ ئەمجا دەزانێ چ کارێکی موعجیزەیە (پەڕجودە).

نهێنی ئەم کارە لە کوێیە؟

یەکەم: بەلای منەوە: نهێنییەکە لەمەدایە: پێشەوایانی یارسان هەموو زمانی کوردی گۆران- هەورامییان باش زانیوە. کەواتە: بە زمانی زگماکی خۆیان بیریان کردۆتەوە و نووسیویانە.

دووەم: دیارە زمانی کوردی- گۆران سەدان ساڵ بەر لە بالوولی دانا بەکارهێنراوە، واتە: خەڵکی ئەو زەمانە ئامادەبوونە بۆ وەرگرتن و پەرەدانی هەر ئایینێکی نزیکی باوەڕی کۆنی خۆیان، بە زمانی زگماکی خۆیان. وەکو زمانی عەرەبی و سریانی سەردەمی خۆی.

ئالێرەوەیە گرنگی بەکارهێنانی زمانی دایك، زمانی زگماك دەردەکەوێ، کە چاکترین شێوەیە بۆ بیرکردنەوە و پێشکەوتنی فکری و رۆحی هەر میللەتێك. هەرکەسێك، لە سەرانسەری جیهاندا، سەرەتا بە زمانی دایك فێر دەبێ و پێش دەکەوێ. ئەوە مەرجی سەرەکییە.

ئا ئەوە حەقیقەتێکی تاڵ و مەینەتبارمان بۆ دەردەخات کە بێبەشبوونی میللەتی کورد لە بەکارهێنانی ئازادانەی زمانی زگماکی خۆیان لە هەزار و پێنجسەد ساڵ تەمەنی نەتەوەکەماندا، چ زەرەر و زیانێکی هەرە گەورەی لێداوین. ئێستاش هێشتا، لە باشوور نەبێ، کوردانی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژاوا بێبەشن لە ئازادی و پێداویستەکانی بەکارهێنانی زمانی زگماکیان لە بواری فێربوون و پەروەردە و نووسین و دەربڕین و ئاستەکانی دیکەی ژیاندا.

ئەوەش نهێنییەکی وجودی نەتەوەی کوردە، کە دەیان سەدەی بێبەشی و تەپەسەری و کوێرەوەری نەیتوانیوە ئیرادەی ئەم نەتەوەیە بشکێنێ، یا زمانەکەی لە بیر بەرێتەوە.

هەر بۆیەش دەبینم کە ئەگەر هەموو کورد تەنیا لە بواری زمان و فەرهەنگدا ئازاد بن ئەوە بە چەند ساڵ زۆربەی میللەتانی دیکەی بەجێ دەهێڵن.

کەواتە زمانی زگماك وزەیەکی بزوێنەری رزگاریخوازیی نەتەوەکانە.



ئالێرەشدا بە دوایین خاڵ و، ئەنجامگیریی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەم، کە ئایا بەر لە هەزار و دووسەد ساڵ، دەرکەوتنی زانایەکی عارف وەك بالوولی دانا چ پێویستییەکی نەتەوەیی کورد بووە؟ و ئایینی یارسان چ رۆڵێکی لە بزاڤی نەتەوەییدا بینیوە؟

لە وەڵامدا دەگەڕێمەوە بۆ مانا و تەفسیری ئایینی یارسان بە زمانی کوردی گۆران-هەورامانی و بە کورتی دەبێژم: کە یارسان راپەڕین و بزاڤێکی فیکری فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، لە جەوهەردا کاردانەوەی سەدان ساڵ ستەم و چەوسانەوە و تەپەسەری و بێبەشکردنی بووە، هەروەکو فەیلەسوفی ئێرانی (ئیحسان تەبەری) ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان دەینووسی کە یارسان (کاکەیی) بزاڤێکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی رزگاریخواز بووە لە قولایی چەوساوە و هەژارانی چیای زاگرۆسەوە سەریهەڵداوە.

ئەزیش لەو باوەڕەدام. وەلێ مخابن! خودی رووناکبیرانی کورد تا ئێستا ئەو حەقیقەتە نازانن، یا دەزانن و پشتگوێی دەخەن و لە کەلتووری زاڵی باڵا دەستی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە (و لە دەسەڵاتی حکومەتەکان) دەترسن. واتە: مێشکی خۆیان رزگارنەکردووە لە کەلتووری میللەتانی باڵادەست. مێشکمان داگیرکراوە!

ئەز باوەڕم رۆژی ئازادی پرشنگی داوە، ئیتر شاردنەوەی ناوێ و ترس و لەرز و دوو دڵیی پێ ناوێ!

هەولێر- پیرمام

## پێشەکی نووسەر

ئاینی یارسان یەکێك لە میراتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و کوردانی زاگرۆس نشینە بەتایبەتی، ئەم ئاینە پڕیەتی لە ڕەمز و ڕازی ژیان و گەردوون و تژییە لە فەلسەفە، لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتناسان و گەڕیدە بیانییەکان زۆر لەسەر ئەم ئاینە قسەکراوە، لەپاڵ دەرخستنیدا چەندین شتی نابەجێیان بۆ هەڵبەستووە، یان لە دەمی نەیارەکانەوە شتیان وەرگرتووە و دۆکیۆمێنتیان کردووە.

لە ئاستی ناوخۆی کوردا، جگە لە چەند هەوڵێکی بچووك، کارێکی ئەوتۆ نەکراوە بۆ خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ و دووبارە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی ئەم ئاینە کە بەشێکی زیندووی کلتوور و دیرۆکی کوردە.

ئەفراندنی دنیا و مرۆڤ و فەلسەفەی جامەگۆڕین (دۆنادۆن) و موزیك و لیریکا لە بنەما هەرە دیارەکانی یارسانن، ریشەی ڕەسەنی یارسان لە قوڵایی خاکی کوردستان و چیاکانی زاگرۆسدایە، کۆڵەگە ئاینییەکانی یارسان بریتین لە (پاکی، ڕاستی، نیستی، ڕدا)، واتە ڕاستی و خاوێنی و ژیانێکی دەروێشانە و فیداکاری لەپێناو خەڵکی تردا، شاتەیموری بانیارانی لەم بارەیەوە دەفەرموێت:

**یاری چوار چیوەن باوەریش وەجا**
**پاکی و ڕاستی و نیستی و ڕدا**



واتە: یارسان چوار بنەمایە دەبێت پەیڕەوکار بەجێی بهێنێت، پاکی و ڕاستی و ژیانی دەروێشانە و خۆفیداکردن لەپێناو خەڵکیدا.

ئەمەش نزیکییەکی تەواومان نیشان دەدات لەگەڵ ئاینی زەردەشتیدا کە ئەویش سێ پایە سەرەکییەکەی ئەو ئاینەن کە بریتین لە (کرداری باش و ڕەفتاری باش و گوفتاری باش).

سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی سەردەمی زێڕینی گەشەسەندنی ئەم ئاینە بووە، لە قۆناغی کامڵبوون و (خەتم)کردندا، سوڵتان ئیسحاق لەو قۆناغەدا بنەما و یاسا و ڕێسا ئاینییەکانی تەواوکرد، لەڕووی جەماوەریشەوە خەڵکێکی زۆر لەم ئاینە کۆبوونەوە و بەلێشاو پەیڕەوماری نوێ لە سەرتاسەری دنیاوە دیدەیان ڕۆشن دەبووەوە و دەبوونە پەیڕەوکاری یارسان و لەنێو بازنە ئاینییەکانی ئەم ئاینەدا وەك (هەفت تەن، هەفتەوانە، چل تەن، ٧٢ پیر، ٩٩ پیر،... هتد). ڕێکدەخران و کاروباری ئاینیان بەڕێوەدەبرد و بەمەش دەگوترێت دەورەی پەردیوەر، لەو کاتەدا شارەزوور مەڵبەندێکی گەورەی ئاینی بوو، لە سەرانسەری دنیاوە خەڵکی ڕوویان لە شارەزوور دەکرد بۆ فێربوونی زانست لەسەر دەستی مەلا ناودارەکانی ئەو سەردەمەدا کە (مەلا ئەلیاسی شارەزووری و مەلاقدووری شارەزووری و... هتد) بوون، بە جیابوونەوەی عابدین لەو بازنەیە و ڕووکردنە ئاینی هەقیقەت، زۆرێك لە شوێنکەوتووانی ڕوویان لە (پەردیوەر) کرد.

(پەردیوەر) گوندێکە لە هەورامانی لهۆن کە ناوەندەکەی (شێخان)ی سەر بە شارۆچکەی (نەوسود) و مەڵبەندی بڵاوبوونەوەی ئاینی یارسانە و ئێستا زووربەی شتە پیرۆزەکانی یارسان لەوێدان و قیبلەی یارسانەکانە.

لەناو ئەوانەدا خەڵکی نەتەوە جیاوازەکان و زارەجیاکانی کوردیشی تێدا بوو، لە بولگارستانەوە بۆ هیندستان و مەغریب و تفلیس و شام و بەغدا و بەسرەوە بگرە تا کرمان و شیراز و ئەسفەهان و مازیندەران. لەم هەوڵەی ئێمەدا ئەو کرمانجە ژوروانە بەسەردەکەینەوە کە تێکستەکانیان بە هەورامی نووسیوە، لە هەوڵێکی تردا تیشك دەخەینە سەر ژیانی کۆمەڵێکی تر کە عەرەبن و لە شام و مەغریب و یەمەن و بەغدا و بەسراوە هاتوون و تێکستەکانیان بە هەورامی نووسیوە.

لە سەردەمی (بالولی ماهی)یەوە لە سەدەی دووەمی کۆچی تا قۆناغی پەردیوەر تەواوی کەلامەکانی یارسان بە هەورامی نووسراون، تەنها دەفتەری عابدین نەبێت کە بەشێوەی جافی نووسراوەتەوە، ئەمە پرسیارێکی گرنگە کە بۆچی هەورامی بوویە زمانی فەرمی یارسان؟

ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە وەرگرینەوە تا ئاورێکی دیرۆکی لە زمانی هەورامی نەدەینەوە.

زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان و زمانناس و گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە زمانی کوردی میراتگری زمانی مادی و ئاوێستاییە و دیارە مەبەست لەوەش (هەورامی)یە، رۆژهەڵاتناسی ناسراو (دارمستتر) پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە زمانی کوردی، بەو باوەڕە گەیشتووە کە زمانی کوردی لقێکی زمانی (ماد)ە، ئێمە ئەگەر ئاڤێستا بە وردی بخوێنینەوە و بەراورد لەگەڵ هەندێ وشەی ئاوێستایی و پارسی کۆن و پارتی و هەورامیدا بکەین، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە زمانە کۆنە ئێرانییەکان و لە زاراوەکانی کوردیشدا هەورامی لە هەموویان زیاتر نزیکە لەو زمانەوە کە



ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە و ئێستاش زۆرێك لە وشە و دەنگەکانی لە هەورامیدا ماونەتەوە.

زمانی ئاوێستایی گرنگترین زمانی دێرینە، زمانێکی تەواو بەهێز بووە و ریشەی لەناو زمانی هیندۆ ئەوروپاییدایە، بەهیچ جۆرێك ناتوانرێت ئەم زمانە بە زاراوەیەکی زمانی فارسی بزانرێت کە زمانی فەرمی ئێرانییەکان بووە.

هەروەك چۆن (مەکەنزی) لە کتێبی (دیالیکتیك اورامان لهون)دا، کە چەندین ساڵ کاری لەسەر کردووە، لەو باوەڕەدایە هەورامی نزیکترین زمانە لە زمانی ئاوێستاییەوە.

هەورامی وەك زمانەکانی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وەك ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر شتەکانی تردا هاتووە، دەبێت ئەوە بزانین زمانی دایکی رۆژێك دەستی پێکردووە کە پێشینەکانمان لەسەر ئەم بوومە و بەم زووانە ئاخاوتوون، یان بە زمانێك کە ئێستا هەورامی میراتگرییەتی، ئەوەتا زمان ناس و ئاوێستا ناسێکی وەك (ژان کلنز، لیژ) باوەڕی وایە ئەلفا بێی ئاوێستایی هاوشانی ئەلفابێی یۆنانییە.

دکتۆر حەبیبوڵڵای تابانی لە کتێبی (وحدت قوم کورد وماد)دا لە لاپەڕە ١١٥دا دەڵێت: "پێش هاتنی هۆزە ئارياييەکان بۆ چیاکانی زاگرۆس، زوانی (هوریانی) لەناو و زاگرۆس نشینەکاندا بەکاردەهات، کە زوانی رەسمی دەوڵەتی میتانییەکان بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە زوانی هیندوئەوروپاییەوە نییە و زمانی رەسەنی زاگرۆس نشینەکان بووە، هوریانی زمانێکی باو بووە و پەیوەندی لەگەڵ زمانی (لولوبییەکان و کاسی و گۆتییەکان)دا هەبووە،

کاتێك ئارياييەكان دێنە ناوچەی زاگرۆس لەگەڵ زمـانی رەسـەنی ناوچـەكە، كە زمانی هوريانی بووە، تێكەڵ دەبن و دواتر ئەو زمانە دەكەنـە بنـەما بـۆ زمانێكی نوێ، كە زمـانی (مـاد)ییـەكان بـووەو دواتـريش ئاوێسـتای پـێ نووسرايەوە".

ئێستاش بەردەوام دەگوترێت زمانی ئاوێستا لە كوردييەوە نزيكـە، بـەڵام حەقە بپرسين لە كام كوردييەوە نزيكە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسيارە و پرسياری پێشوو، پشت بە چەند خشتەيەك دەبەستين و بەو وەڵامە دەگەين، كە:

-بۆچی هەورامی بووە زمانی ئايينی يارسان؟

-كام كوردييە لە زمانی ئاوێستاوە نزيكە؟

خۆ ناتوانين خۆمان لە دێڕە بەناوبانگەكەی سەيد فەرزی ببوێرين كاتێـك مەرەمۆ:

**لەوز عەرەبيمان گێلا نەدەوران**

**كەردمان كەلام وە لەوز گۆران**

ئەمە ريشـەيەكی مێـژوويی و هـزری قـوڵی لەپشـتە و دەكرێـت وردتـر كۆدەكانی ئەم بابەتە بخوێنينەوە و هەڵوەستەيان لەسـەر بكـەين، ئەمـە لـە بابەتێكی سەربەخۆدا شرۆڤە دەكەين.

بە وردبوونەوە لـە خشـتەكان كـە لـە ناوەرۆكـدا دانـراون، دەگـەين بـەو دەرەنجامانە و لەوێوە دەروازەی ئەو هەقيقەتەمان بۆ واڵا دەبێت كە چـۆن ئـەو كوردانەی كرمانجی سەروو تێكستە ئايينييەكانيان بە هەورامی نووسيوە.

## بەشی یەکەم

## ئەم توێژینەوەیە بۆ؟

کەمیی ئاوڕدانەوە لەم بابەتە لە ئاستی ناوخۆدا و زۆرترین ئەوانەی لەسەر ئەم بابەتە کاریان کردووە، توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسان بوون، کە کەمترین زانیارییان دەستکەوتووە و شارەزای زمانی تێکستەکان نەبوون، چونکە گرنگە کەسێك کار لەسەر ئەم بابەتە دەکات کە شارەزای دوولایەنەی زمان و ئایینەکە بێت، بۆئەوەی شتە شاراوە و گرنگەکان بدۆزێتەوە، توێژەر بەپێی ئەو زانیارییەی لە ئایینی یارسان هەیەتی و زمانی تێکستەکان زمانی دایکییەتی، بۆیە ئەم هەوڵەی داوە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدات بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەدا بچێت و وەڵامیان بداتەوە، وەك:

-یارسان چییە و قۆناغەکانی چین؟

-سیرمۆنیای ئایینی یارسان کامەیە؟

-هەورامان لە دیرۆکدا چ گرنگییەکی هەبووە؟

-بۆچی هەورامی بووە زمانی ئایینی یارسان؟

-ئەو باگراوندە کامەیە بووە سەرچاوەی ئەو هەڵبژاردنەی یارسان، بۆ ئەوەی بە هەورامی گۆی ئایینی بکەن؟

-بۆچی زمانی عەرەبییان وەلانا؟

-کامەیە ئەو زمانەی نزیکە لە زمانی ئاوێستاوە؟

گرنگیی ئەم کارە لەوەدایە یەکەمجارە کار لە بابەتێکی لەوجۆرەدا دەکرێت و خودی توێژەر ئاگادار و شارەزای زمان و ئایینەکە بێت، کردنەوەی



دەروازەیەکە بۆ گەڕانەوە، بۆ ریشەکانی زمانی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانە کۆنەکانی ئێراندا و نیشاندانی ئەوەی تائێستا لە کام زاراوەی کوردیدا ئەم رەسەنایەتییە دەبینرێت.

### ئامانج لەم کارە، دەستنیشانکردنی ئاستەکانی

ئەو هەستەی وایکرد یارسان لەڕووی زمانەوە لە زمانی باڵادەستی ئەو وەختە دووربکەوێتەوە، لەو سەردەمەدا بەو پێیەی ئیسلام لە ترۆپکی گەشەسەندندا بوو و زمانی عەرەبی زۆر برەوی هەبوو، لەم ساتەدا رابەرانی یارسان بڕیاری ئەم دابڕانەیان دا لە زمانی عەرەبی.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە سوود لە کەلامەکانی نێو دەفتەرەکانی یارسان و زمانی ئایینی ئەو کەلامانەیە کە لەبارەی زمانی کوردی هەورامی و گرنگیی ئەو زمانەوە باسیان کردووە.

## بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری

**زمان**

زمان هەماهەنگییەکە لەنێوان ئامـاژە و هێماکانـدا، کـە ئامرازەکـانی زانین پێکدەهێنێت، زمان گـرنگترین هۆکـاری تێگەیشـتن و بەریەککـەوتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، بـەبێ بـوونی زمـان پەیوەندی نێوان تاکەکان دروست نابێت.

زمان پەیوەستییەکی بەهێزی هەیە بە بیرکردنەوەوە، بیری مرۆڤ هەمیشـە لە بۆتەی زماندا دادەڕێژرێت، بگرە لە کاتی بیرکردنـەوەی ناخـدا، تـەنها لـە ڕێگەی زمانەوە دەگەیت بە بوونی ڕاستەقینەی بیرۆکەکان.

**زمان دابەش دەبێت بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا لەوانەش:**

-خێزانە زمانییەکان: کۆمەڵە زمانێکن لە بنەڕەتدا هاوبەشـن، زۆرێـك لە زانایان کۆك نین لەسەر دابەشکردنی زمانەکان، هەندێك لەمانـە خـودان تایبەتمەندی و بنچینەی هاوشێوەن، ئەمە سەرباری هەنـدێك جـۆری لاوەکـی وەك:

-زمانە دروسـتکراوەکان: ئـەو زمانەیـە کەسـێك، یـان چـەند کەسـێك دروسـتیان کـردوون و بەشـێکن لـە کەلێچـەر وەك زمـانی شـێوە و زمـانی پرۆگرامسازی[1].

زمان مرۆڤ لەگەڵ زیندەوەرەکانی دیکەدا جودا دەکاتـەوە، چـونکە زمـان بیری بنیـات نـاوە، وەك ئـەوەی چۆمسـکی پێـی وایـە زمـان پەیوەسـتە بـە

[1] -الألسنية التوليدية والتحويلية وقواعد اللغة العربيـة "النظريـة الألسـنية"، الـدكتور ميشال زكريا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، ١٩٨٢، ص٢٥.



توێژینەوەی هزری مرۆڤایەتییەوە، زمان بەشێوەیەك لە شێوەکان دەیسەپێنێت بەسەر مرۆڤدا بیر بکاتەوە و ئەوە بە دوو دیوی دراوێکی دەزانێت، کۆمـەڵێك هێمای زمانەوانی دەبنە دەروازەی بیرکردنەوەی هـزری مـرۆڤ، لـە باسـکردنی هێمایەکی زمانەوانییەوە دەروازەی خەیاڵێك ئاوەڵا دەبێت.

چەمکی فەلسەفەی زمان جەخت لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی دەکات، بەپێی ئەو هێما زمانەوانییانەی کە بیری مرۆڤ دەتوانێت دروستیان بکات[2].

بیری مرۆڤ پەیوەستە بەتایبەتمەندییـە سرووشـتییەکەیەوە و زمانەکەشـی کۆی ئەو هێمایانەیە کە لە دەورووبەریدا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشـت لە شتەکانی ناخی و دەورووبەری بکات، ئەمەش وایکرد زمان بێتە ئاراوە.

تایبەتمەندی زمانی سرووشتی ئەوەیە سیسـتمێکی هێماییـە جیـاواز لـە سیستمە هێماییەکانی دیکە، زمان کۆی سیستمێکی هێماییە وەك ئامرازێك تاك بەکاری دەهێنێـت بـۆ گوزارشـت لـە مەبەسـتەکانی و بەرقـەرارکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا بەهۆی ئاخاوتن و نووسینەوە[3].

بوونیادی ستراکتۆری زمان بەرلەوەی هێمایەکی گۆکردن بێت، کـۆی ئـەو شتانەیە هزری مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێت، بۆ ئەوەی بەرهەمهێنراوەکە بخرێتـە نـاو فـۆرمێکی سـتاتیکییەوە، بـیر لەڕێکخسـتنی کرایـەوە لـە شـێوەیەکی ئەندازەییدا وەك ئەوەی سوسێر باوەڕی پێبوو.

[2] -خليل أحمد عمايرة، في نحو اللغة وتراكيبها، منهج وتطبيق، عالم المعرفة، جدّة، ١٩٨٤م، ص٥٥-٥٩.

[3] - محمد محمد يونس علي، وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلالة المركزية: دراسة حول المعنى ومعنى المعنى (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح، ١٩٩٣)، ص٢٤.

زمانەوانەکانی پێش سوسێر لەو باوەڕدا بوون، زمان پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە دەنگێك و ئەم رەگەزە مادییانە دەکرێت ببیسترێن و گۆ بکرێن، ئەم پێناسەیە وایکرد بەراورد بکرێت لەگەل خانوودا کە بریتییە لە زۆرێك بەرد و چیمەنتۆ و دار و پێکهاتەکانی تر، ئیبن سینا دژی پێناسەکردنی خانوو بوو، بەم جۆرە، پێی وایە دەبێت رەچاوی پێکهاتە و شێوازی ئەندازەیی و رێکخستنی بکرێت[٤].

هەمان رەخنە بوو کە سوسێر لەو کەسانەی دەگرت کە باوەڕیان وابوو زمان دەنگە، بەبێ ئاماژەدان بە تایبەتمەندی سیستمە زمانەوانییەکە.

**شوناس**

شوناس ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەیە مرۆڤی پێ دەناسرێتەوە، لێرەدا شوناس مەبەست لە ناسنامە، یان شناسنامە نییە، زانایانی دەروونناسی شوناشی مرۆڤ بەو قۆناغە جیاوازانەی دەستنیشان دەکەن کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت وەك: منداڵی، مێرمنداڵی، لاو، کامڵ، پیر. کۆمەڵناسەکانیش وای دەبینن کە شوناس بریتییە لەوەی کەسێك هەستی پەیوەستبوون بکات بەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی، یان مەیلی بۆی هەیە. میتافیزیکەکانیش بە (جەوهەر و بەهای عەقڵ)ی دەبینن[٥].

[٤]- ابن سينا، منطق المشرقيين، بيروتم دار الحداثة، ١٩٨٢، ص١٠٣.

[٥]- الشريف الجرجاني: التعريفات. بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٨، ص٢٥٧، والمناوي: التوقيف، مصدر سابق، ص٢٥٧.



لەم دیدە جیاوازانەوە بەوە گەشتین، کە شوناس بریتییە لە راستی و بەهای خود و یەکێتیی پەیوەستبوون و مەیل و یەکسانی و لێکچوون، ئەمە دەروازەیەکە بۆ بابەتەکەی ئێمە کە زمان چ شوناسێك دەداتە بەکارهێنەرانی.

**زمان و شوناس**

یەکێك لە پێکهاتەکانی هەرنەتەوەیەك زمانە، زمان مەیلی ئاخێوەرانییەتی بۆ گوزارشتکردن لە شتەکانی خۆیان، ئەمەش بۆ دەستەجەمعی هەر نەتەوەیەك و تاکەکانیشی دەبێتە شوناس.

زمان ئامرازی ئاخاوتنی کۆمەڵێکە کە رەنگدانەوەی هزر و کۆی بەرهەمهێنراوە زمانەوانییەکانی هەر گەلێکە و کۆمەڵە دەنگێکە هەر گەلێك مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت[٦].

ئەم بۆچوونە سێ رەگەزی (ئاخێوەر)مان بۆ دەردەخات و دەکرێت بە (پێکهاتەی زمانی) ناوی ببەین، ئەویش (دەنگەکان، گەل و نەتەوە، مەبەست)ن، پەیوەندی نێوان دەنگەکان و مەبەست ئاماژەیە بۆ بابەتێکی ئاشنا، ئەویش ئەوەیە کە زمان لە راستیدا رەنگدانەوەی هزرە، دەنگ شتێك نییە جگە لە ئاوێنەی هزر.

هزر یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی زمانە، وەك ئەوەی زمانناسەکان بە (سۆسیۆلۆژیای زمان) ناوی دەبەن[٧].

[٦]- ابن جني: الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، ط٣، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٤٠٦ هـ/١٩٨٦م. ج ١، ص٣٣.

[٧]- محمد السيد علوان: المجتمع وقضايا اللغة، الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٥، ص١١٩.

بنیامین لی وورف -یەکێك لە ناودارانی فکری زمانی ئەمریکییە- دەڵێت: زمان باڵادەستی هزرە، نەك بەهۆی وشەکانییەوەیەتی بە تەنها، بەڵکو بەهۆی بوونیادی ناوەکی ئەو زمانەشەوەیە، (ابن جن)یش پێی وایە لەدەستدانی رەگەزێك لە رەگەزەکانی زمان، واتە نابووتبوونی ئەوەی کە ماوە لەو زمانە[٨].

هەریەك لەو رەگەزانەی بەهۆی زمانەوە گوزارشتیان لێدەکرێت، بەرهەمی مرۆڤایەتین و لەناوچوونیان دەبێتە هۆی لاوازبوون و نابووتبوونی سەرجەم بەرهەمی مرۆڤایەتی، مرۆڤ پێچەوانەی ئاژەڵەکان ئامرازە دەنگییەکان بۆ مەبەستێکی هزری بەکار دەهێنێت و کۆی ئەمانە دەبنە کۆیەکی زمانی.

ئەو دەنگانەی لە شتەکانی ترەوە دەردەچن (جگە مرۆڤ) نابنە زمان، چونکە مرۆڤ بۆ گەیاندنی مەبەستێك و فکرێك ئەو کارە دەکات[٩].

کەواتە بنەمای کارکردن لە زماندا لەم کارەدا، کارکردنە لەسەر فکری زمان و ئەو هەستانەی زمان ئاراستەیان دەکات، ئەمەش دەکرێت ناوی بنێین هزری زمان.

ئەرەستۆ پێی وایە، زمان بەرهەمێکی دەنگییە بە هەماهەنگی هزر لەپێناو بەماناداركردنی دەنگ[١٠].

---

[٨]- ابن جني: الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، ط٣. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٤٠٦ هـ / ١٩٨٦ م. جـ ١، ص٤٣.

[٩]- نعيم علوية، بحوث لسانية بين نحو اللسان ونحو الفكر، المؤسسة الطليعة للدراسات والنشر والتوزيع، ط٢، ١٩٨٦ بيروت، ص٢٢٧.

[١٠]- علي عبد الواحد وافي: اللغة والمجتمع، ط٤، جدة، شركة مكتبات عكاظ للنشر والتوزيع، ١٤٠٣هـ، ١٩٨٣م، ص٧.



بەشێوەیەکی گشتی وەك ئەوەی (سبرسن) باسی دەکات جەوهەری زمان چالاکی مرۆییە، چالاکی لەلایەن تاکەوە بۆئەوەی دەورووبەر لێی تێبگەن، چالاکی دیگەرانیش ئەوەیە تێبگەن چی لە ئاوەزی تاکدایە[١١].

توێژەر باوەڕی وایە زمان ئامرازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە، کاریگەری لەسەر خود و بەرامبەر هەبێت، هەرچی دەنگ و وشەکانیشن یارمەتیدەری ئەم پرۆسەیەن بۆ ئەوەی زمان و شوناس کاری یەکتر تەواو بکەن.

## جەدەلی زمان و شوناس

پاش کردنەوەی دەروازەیەکی بچووك لەڕووی زمان و شوناسدا، بە دەرئەنجامێك دەگەین کە سەرەتایەکی بنەڕەتییە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە، ئەویش پەیوەندی نێوان زمان و شوناس، شوێنی زمان لە پێکهاتەی رەگەزی شوناسدا، جێگای زمان لە تیۆرییەکانی شوناسدا.

ئەگەر زمان ئەو تایبەتمەندییە زمانییە بێت کە عەقڵی دەستەجەمعی پێچەوانە دەکاتەوە بۆ دەستەیەك لە مرۆڤەکان، گوزارشت لە بینینی ئەوان بۆ جیهانی دەوروبەریان دەکات، ئەگەر شوناس حەقیقەت و خود و بەها بێت، کەواتە زمان وێنەیەکی زیندووی ناخ و بەهای بەکارهێنەرانییەتی.

سەرنج بدە، "حەقیقەت، خود، بەها" وشەن، بەڵام زمان کەرەسەی هاوبەشی ئاخێوەرانیەتی، وەك دەبینرێت زمان بەشێکی جیانەکراوەی شوناسە لەلای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چونکە ئەوەی هەڵگرانی زمانێك کۆدەکاتەوە تێگەشتن و گوزارشتکردنیانە بەو زمانە، کەواتە شوناسیان زمانەکەیانە،

---

[١١]- محمد حماسة عبد اللطيف: النحو والدلالة، القاهرة، ١٩٨٣، ص٣١.

بەوەی لەوانەی جودایان دەکاتەوە کە لێیان حاڵی نابن، پەیوەندی زمان و ئاخێوەرانی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییە و پێی دەناسرێتەوە، بەمانایەکی تر (زمان) شوناسە و (شوناس) زمانە[١٢].

زمان ناتوانێك ئەرکەکانی بەڕێوەبەرێت لە دەرەوەی سیاقە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوورییەکەیەوە، ناکرێت زمانێك باس بکرێت بەبێ ئەوەی کلتوور و جوگرافیا و فەرهەنگی بەکارهێنەرانی لەبەرچاو بگیرێت.

کۆمەڵناسەکان زمان وەك راستییەك و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینن، هۆکاری رێکخستنی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەرانییەتی، لێرەوە دەرکی پەیوەستبوونی گەلان بە زمانەکانیانەوە دەکەین، چونکە تاك هەمیشە پەیوەستە بە بوونیادە کۆمەڵایەتییەکەیەوە[١٣].

ئەمەش وادەکات لەنێوان دووانەیی زمان و شوناسدا لە ئایندەدا زمان ببێتە یەکەم، بەتایبەتی ئەو زمانانەی کە زمانی ئایینێك وەك هەورامی کە توێژینەوەکەمان لەسەر ئەم بابەتەیە، بەتایبەت بۆ ئایندارانێك کە هەورامی نین، بەڵام زمانی ئایینیان هەورامییە.

کەواتە زمان تەنها پێکهاتەیەکی سادی شوناس نییە بگرە گرنگترین کۆڵەکەکانی زمانە، پەیوەندی زمان و شوناس پەیوەندی تایبەتییە بە گشتییەوە.

---

١٢- برتيل مالبر، مدخل إلى اللسانيات، ت. السيد عبد الظاهر، القاهرة-مصر، ٢٠١٠م، ص٢٩٧.

*١٣- الشريف الجرجاني: التعريفات. بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٨، ص٢٥٧، والمناوي: التوقيف، مصدر سابق، ص٢٥٨.*



لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا چەندین تیۆر لەسەر فکری شوناس سەریان هەڵدا، تیۆرییەکانی ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی، مارکسییەکان، ئیسلامییەکان، شۆڤێنییەکان.

هەندێك لەو تیۆرییانە جەختیان لەسەر زمان دەکرد، تیۆری ئەڵمانی کە لەسەر فەلسەفەی هیگڵ بنیاتنرابوو، باوەڕی وابوو (بنەمای نەتەوە شوناسە و پێوەری راستەقینەی زمانە)، (هیردەر)یش دەیگوت: "دڵی گەل لە زمانی گەلدا لێدەدات"[١٤].

مارکس لە تیۆرییەکایدا لەپاڵ زماندا، (مێژوو، پێکهێنانی دەرونی-رۆشنبیری، یەکێتیی ئابووری، زەوی هاوبەشی)ی بۆ زیادکرد.

ستالین بەهەمان شێوە لەپاڵ زماندا هەمان شتەکانی مارکسی زیاد کرد جگە لە مێژوو[١٥].

بەسەرنجدان لەم نموونانە دەبینین هیچکام لە تیۆرییەکان زمان وەلا نانێن و زمان بە پشتیوانێکی گەورەی شوناس دەزانن.

---

١٤- محمد عبد الشفيع عيسى: نظرية الحصري في القومية العربية: جدلية الإثبات والنفي، (بحث ضمن: ساطع الحصري: ثلاثون عاماً على الرحيل)، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية ومعهد البحوث والدراسات العربية بالقاهرة، ص١٤٧، ١٤٨.

١٥- الحصري: أبحاث مختارة في القومية العربية، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٨٥، ص٢٩.

**ئایین:**

ئایین زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ کۆمەڵە بیروباوەڕێك کە بەهۆی شوێنکەوتەکانییەوە لەڕووی روانینیانەوە بۆ ژیان و گەردوون، وەك ئەوەی دەگوترێت بیروباوەڕێکی پەیوەستە بە ئەودیوی سرووشت و ئیلاهیات و مۆراڵی دامودەزگا پەیوەستەکان بەو بیروڕایەوە، هەندێکیش باوەڕیان بەوەیە ئایین کۆی گشتی وەڵامەکانە لەسەر تەفسیرکردنی پەیوەندی مرۆڤ بە گەردوونەوە.

هەردوو زانای ئەنترۆپۆلۆجیا (جون موناغان و پیتەر جیست) دەڵێن: "تەنها شتێك کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی کۆمەڵگە تەنها (ئایین یان بیروڕایە)، چونکە دەتوانین لەڕێگەی کامڵکردنی ئایین و بیروباوەڕەکان بە ڕێنمایی و بیری دەوڵەمەندی وەك (چۆن و بۆچی جیهان بەیەکەوە دانران)، بەمەش وا لە خاڵکی دەکات بەرگەی مەینەتییەکان بگرن"[١٦].

گەشەی ئایین لەڕێگەی چەند شتێکی جیاوازەوەیە و ئەوەش پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو ئایینەیان وەرگرتووە، هەندێك ئایین جەخت لەسەر باوەڕ دەکەن، هەندێکی دیکەش لەسەر واقیع، هەندێکی تریش لەسەر ئاستی شارەزایی ئایینی تاك، هەندێك ئایینی تر بانگەشەی ئەوەدەکەن ئایینەکەیان جیهانییە و یاسا و ڕێساکانی بۆ هەموو مرۆڤایەتییە و دەبێت پراکتیزە بکرێت و لە سیستمی دەوڵەتدا ڕەنگدانەوەی هەبێت وەك یاساکانی باری کەسی و پەروەردە و تەندروستی و هتد...

---

[١٦]- موناغان، جون جست، بيتر (٢٠٠٠)، الأنثروبولوجيا الثقافية والاجتماعية، نيو يورك، جامعة اكسفورد، سنة٢٠٠٠، ص١٢٤.



ئایین وەك چەمك بریتییە لە ملکەچی و پەرستش بۆ شتێك، بەواتایەکی تر واتە پەیوەستبوون و شوێنکەوتن و گوێڕایەڵی کەسێك بۆ ئایدیۆلۆژیایەك، یان بیروباوەڕێك.

هەمیشە لە زۆربەی ئایینەکاندا بۆ سەلماندنی راستی خۆیان هێزی دووەمیان دروستکردووە، کە خۆیان بە هێزی خێر و ئەوی تریشیان بە هێزی شەڕ ناساندووە.

(گریك ئیبستین) مامۆستای زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی (هارڤێرد) دەڵێت: "هەموو ئایینە گەورەکاندا لە جیهاندا لەسەر بنەمای ئەوە دامەزراون، کە هێزێك لە ئاسماندا هەیە و خاوەنی هێزێکی دادپەروەر و ڕەهاییە کە ئەم شتە لە سرووشتدا بەدی نایەت"[١٧].

هەردوو زانای ئەنترۆپۆلۆژیا (جۆن موناغان و پیتەر جەست)، باوەڕیان وایە ئایینە گەورەکان هەندێك دیدگا لای شوێنکەوتووەکانیان دروست دەکەن، وەك بینینی کاریزمایی پەیامبەرەکان، ئەوانیش بەجۆرێ وەڵامی ئەوکەسانە دەدەنەوە کە بەدوای زانینی ڕاستییەکانی گەردوونەوەن و پێیان دەڵێن: "کلیلی خۆشبەختی و سەرکەوتن بە ڕەنج بەدەست دێت و لە شوێنێکی دووردایە"[١٨].

---

[١٧]- *إبستين، جريج (٢٠١٠)، من الجيد ان تكون بدون إله؟ بماذا يؤمن مليار شخص (غير متدينين)؟. نيو يورك: هاربر كولينز، ص١٠٩.*
*ISBN ٩٧٨-٠-٠٦-١٦٧٠١١-٤.*

[١٨]-طلال أسد، الهيكل الديني تحت الأنثروبولوجيا، (كليفورد غيرتز، الدين مصطلح النظام الثقافي، ١٩٧٣). نقد ضد غيرتز من قبل طلال أسد الذي صنف الدين ضمن "الأنثروبولوجية"، (الهيكل الديني تحت الأنثروبولوجيا، ١٩٨٢).

**پێناسەكانی ئایین:**

بە چەندین شێوە ئایین پێناسە كراوە، زۆرینەی شیكردنەوەكان هەوڵیان داوە هاوسەنگییەك لەنێوان (پێویستی زۆر) و (پەیوەستی گشتی)، یەكەمیان بەو مانایەی كە خەڵكێكی زۆر هەن بۆشاییە رۆحییەكانیان وایكردووە زۆر پەیوەست بن بە ئایینەوە و هێندێكی تر كە بەشی دووەمیانە وەك پەیوەستییەكی گشتی تیرە و خێڵ و بنەماڵە پەیوەستن بە ئایینێكەوە، پێناسە فەرمییەكانی ئایین بەشێكیان پەیوەستن بە فاكتەرگەلێكی وەك (ئەزموون، سۆز، مۆراڵ، لایەنی مەعنەوی)[19]، لەگەڵئەوەشدا زۆربەی پێناسەكان لەسەر ئەم چەمكانە كۆكن كە ئایین بریتییە لە:

-چەمكی پاكییەتی، یان خودایی لە نۆرمێك لە نۆرمەكانی باوەڕ بە خودا، ئەم چەمكە بەزۆری بەكاردێت، نەك بە هەمیشەیی.

-لایەنێكی رۆشنبیری و هەڵسوكەوت و كەش و مەراسیم و پەرستشی رێكخراوە لە چوارچێوەی پێوەرە مۆراڵییەكاندا.

-كۆمەڵێك ئەفسانە، یان راستیی پیرۆزە لەلای باوەڕداران[20].

پیرۆز شتێكە پەیوەستە بە رێبازێك، یان رێگەیەكەوە بە پەرستراو و ئایین و نهێنییەكانییەوە و زۆرجاران پەیڕوكاران ئەوەندە دەزانن پیرۆز شتێكە پەیوەستە بە ئایین و خوداوەندەكانەوە[21].

[19]- جوزيف بولبوليا، "هل هناك أي أديان؟ التفسير التطوري" الأسلوب والنظرية في دراسة الدين، (٢٠٠٥)، ص(١٠-٧١).

[20]- ماك كوتشون: إعادة وصف في الدراسة العامة للدين. جامعة نيويورك، ٢٠٠١.

[21]- جيفري برود، أديان العالم: رحلة اكتشاف، مطبعة ساينت ماري، (٢٠٠٣)، ص٤٥.



**ئەفسانە:**

ئایین بەشێكی دانەبڕاوە لە میتۆلۆژیا، بەردەوام ئایینەكان ئەفسانە بەرهەم دەهێنن بۆ تۆكمەكردنی پێگەی خۆیان لەناو دۆست و نەیارانی ئەو ئایینەدا[22]، سەبارەت بە پەیوەندی ئەفسانە بە ئایینەوە:

-گێڕانەوەی چیرۆكێكی سادەی مێژوویی كە چەند رەهەندێكی دەدرێتێ و وا لێكدەدرێتەوە ئەمە هێزێك لە پشتیەوەیەتی و رووداوێكی سرووشتی و خۆكرد نییە.

-بوونی كەسایەتییەكی دیار، یان شتێكی تایبەت كە لە بنەڕەتدا بوون، یان شتێكی خەیاڵییە و پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

-درکە (كنایە) سەبارەت بە شوێنێك، یان شتێك لە رۆحی مرۆڤدا[23].

توێژەر وای دەبینێت ئایینەكان بە هەموو رەهەندەكانیانەوە بەشێك لە پرۆسەی وەبەرهێنانی میتۆلۆژیا و زۆرترین پەیوەستەكانیان بە هەندێك چیرۆك و داستانەوە دەبەستنەوە، بۆ ئەوەی بەدوای نهێنی زۆردا نەگەڕێن.

[22]-فراس السواح، الأسطورة والمعنى-دراسات في الميثولوجيا والديانات المشرقية، دار علاء الدين، سوريا، ط٢، 2001، ص١١.

[23]- محمد الخطيب، الدين والأسطورة عند العرب في الجاهلية، دار النشر علاءالدين، دمشق، 2004، ص٢٧.

**جۆرەکانی ئایین:**

ئایین وەك کایەیەکی کۆمەلآیەتی هەلگری چەندین ماك و تایبەتمەندییە، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئایینێك لە ئایینێکی تر جودا بکرێتەوە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئایینەکان، یان ئاسمانین، یان ئایینی سەرزەوین، واتە لەسەر زەوی بەرهەم هێنراون.

هەندێك لە زانایان ئایینەکان بەسەر دوو بەشدا پۆلێن و ریزبەندی دەکەن، بەم جۆرەی لای خوارەوە[٢٤]:

١-ئایینە جیهانییەکان: ئەو ئایینانەن لە سەرانسەری جیهاندا ڕێژەیەکی زۆر پەیڕەوکاریان هەیە، وەك مەسیحییەت و ئیسلام و جولەکە و بوزی.

٢-ئایینە کەمەنەتەوەییەکان: ئەو ئایینانەن لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا بتزازێت پەیڕەوکاریان نییە.

ئەوەی گرنگە سەرنجی لێ بدەین ئەوەیە، ئایین و پیرۆزییەکانی جێگەی ڕێزن و نابێت ببەسرێنەوە بە ڕێژەی پەیڕەوکارانییەوە، ئەمەش خاڵێکی لەیەکچووی زمان و ئایینە، چونکە بنەما و فەلسەفەی هەر ئایینێك گوزارشت لە کلتووری زێد و ماوای سەرهەڵدانییەتی.

[٢٤]- یسر محمد سعید مبیض، الیوم الآخر في الادیان السماویة والدیانات القدیمة، دار الثقافة، الدوحه، 1992، ص٧٣.



**بنەماکانی ئایین:**

هەموو ئایینێك خاوەنی بیروباوەڕی نەگۆڕە لەگەڵ کۆمەڵێك پرەنسیبی ئایینی و هەندێك شت هەن لە هەموو ئایینێکدا نەگۆڕن، لەوانەش (ناوی ئایین، دامەزرێنەر، کتێب، ڕۆژمێر، زمان، پەرستگا، شوێنی پیرۆز، کەشی تایبەت)[٢٥].

-دامەزرێنەر: ئەو کەسایەتییەیە کە یەکەمین جار بنەمای ئایینەکە دادەنێت و جاڕی بلاوبوونەوەی دەدات، یان سرووشی ئایینی بۆ دێت.

-ناوی ئایین: دەبێت ئایینەکە ناوێکی دیاریکراوی هەبێت تا لەو ڕێگەیەوە ئایینەکە و بیروڕاکانی بناسرێنەوە.

-کتێبی پیرۆز: هەموو ئایین و بیروباوەڕێك پێویستە کتێب و بەرنامەی خۆی هەبێت، کە تێیدا تەواوی پرەنسیب و یاساکانی ئەو ئایینەی دیاریکردبێت بۆ شوێنکەوتووەکانی، وەك پایەکانی ئایین و فەرزەکان، یاسا، مۆراڵی ئایینی، دابونەریتە کۆمەلآیەتییەکان،... هتد.

-ڕۆژمێر: بۆ هەموو ئایینێك پێویستە ڕۆژمێری تایبەتی خۆی هەبێت تا کاتە گرنگەکانی ئەو ئایینە وەك ڕۆژ و جەژن و حەج،... هتد.

-زمان: هەموو ئاینێك دەبێت زمانێکی تایبەتی هەبێت تا شوێنکەوتووانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی پێ ئەنجام بدەن.

[٢٥]- میرسیا الیاد، ت: عبدالهادي عباس المحامي، تأریخ المعتقدات والافکار الدینیية، دار الدمشق- الشام، ١٩٨٦، ج١، ص١٠.

## تایبەتمەندییەکانی ئایین:

دەتوانین کۆی تایبەتمەندییەکانی ئایینەکان لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە:

-باوەڕبوون بە پەرستراو، یان شتەکانی سەروی سرووشت، زوربەی ئایینەکان باوەڕیان بە پەرستراوێك، یان زیاتر هەیە لە گەردووندا و توانایان هەیە کۆنترۆڵی هەموو بوونەوەرەکان و گەردوون بکەن.

-جیاکردنەوە لەنێوان جیهانی رۆح و جیهانی مادیی.

-بوونی کەشی تایبەتی پەرستش تا لە رێگەیەوە ستایشی پەرستراو و پیرۆزییەکان بکرێت.

-بوونی یاسا و رێسایەکی ئایینی کە پەیڕەوی بکرێت لەلایەن پەیڕەوکارانەوە و باوەڕ بەوە بکرێت ئەوە لەلایەن پەرستراوەوە نێردراوە.

-نوێژ، شێوازێکی بنەڕەتییە بۆ پەیوەندی بە پەرستراوەوە.

-تێڕوانینێکی باوەڕدارانە لەوەی چۆن ئافرێنەر گەردوونی ئەفراندووە.

-بوونی بنەما و پرەنسیبی شەرعی بۆ رێکخستنی ژیان لەبەر رۆشنایی ئەو تیۆرانەی ئەو ئایینە بۆ گەردوونی داناوە[٢٦].

پێویستە جیاوازی لەنێوان چەمکی ئایین و ئاییندارییدا بکرێت، ئایین پەیامێك و کۆمەڵێك پرەنسیب و یاسای پیرۆزن و لەلایەن خودایەك یان کەسێکی باڵاوە دانراون، ئایندار کەسێکە پەیڕەوی ئەو یاسایانە داکات و بۆی نییە لەبارەیانەوە قسەی هەبێت، بێگومان ئەوەشمان لەبیربێت هەمیشە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی ئایین دەیڵێت و ئەوەی ئایندارلن پەیڕەوی دەکەن.

---

٢٦- *الدکتور ابراهيم محمد ابراهيم، الاديان الوضعية في مصادرها المقدسة وموقف الاسلام منها، مطبعة الامانة، مصر، ١٩٨٥، ص١٠.*

# بەشی سێیەم

# یارسان و هەورامی

**یارسان:**

**ئایینی یارسان یان کاکەیی و ئەهلی هەق یشی پێدەگوترێت یەکێکە لە ئایینە کەوناراکانی کورد لە هەورامان و شارەزوور و لوڕستان بڵاوبووەتەوە و گەشەی کردووە، پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە ئێراندا لە ناوچەکانی (کرماشان، هەمەدان، تەورێز، ئازەربایجان، تاران، زنجان و باکووری ئێران)ن، لە عێراقدا لە ناوچەکانی (هەڵەبجە، خانەقین، کەرکوك، موسڵ، بەغدا، هەولێر)ن، لە تورکیاش لە (دەرسیم، سیواس، سەمسور)ن، لە روسیاش یارسان لە (قارس)ی ناوچەی (ئەلیزابت پول سەر) هەن و بە ناوی (کوردی رەسەن) ناسراون[٢٧].**

**لە هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان پەیڕەوکاری یارسان هەن و خۆیان بە (بنەماڵەی یادگاری)یەوە دەبەستن و پێیان دەڵێن (زکری)و لە شارەکانی (مەزار شەریف، توربەت، موشکی، گریشە، دوشی، پول خومر)ن و چیای (موراد) لە (توربەت) بە شوێنی پیرۆزی خۆیان دەزانن[٢٨].**

**ئەم ئایینە لە ناوخۆدا کەمترین ئاوڕی لێدراوەتەوە و جۆرێك لە تەمومژی لەسەرە، زۆرێك لەو کەسانەی کە لەسەر ئەم ئایینەیان نووسیوە، پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ پەیڕەوانی ئەم کۆمیۆنیتە ئایینییە داناوە وەك (عەلەوی،**

**[٢٧] - ولادیمیر مینورسکي، کرد: تاریخ، زبان و فرهنگ، ترجمە: محمد رئوف یوسفی نژاد، نشر سهیل، تهران١٣٨٧، ص٩٤.**

[٢٨]*-طیب طاهري، تأریخ و فلسفە سەرەنجام، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ص٥٨٢.*



**ئەهلی هەق، یارسان، کاکەیی و عەلی ئیلاهی)[٢٩]، لە هەندێك ناوچەدا بەتایبەت لەناو فارس و ئازەربییەکاندا بە (کورد بەچە و خروس کوش)[٣٠] ناو دەبرێن.**

**یارسان لە دوو وشەی لێکدراوی (یار) و (سان) هاتووە، کە یەکەمیان بە مانای هاوەڵ و شوێنکەوتوو و لە شێوازی سۆفیانەشدا بە مانای (مەحبووب و مەقسود)[٣١]دێت و دووەمیان بە مانای پێشەواو رابەر دێت، کە ئاماژەیە بە (سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجەیی) و بە سوڵتان لە هەورامانـدا دەگوترێت (سان) و کۆی وشەکە مانای یاران و شوێنکەوتووانی سوڵتان ئیسحاق دێت.**

**لەنێو یارسانەکاندا وشەی (یار)، (سوڵتان) مانای (ئافرێنەر)و (خاوەندکار)یش دەدات کە هەردووکیان ئاماژەن بۆ ناوی خوداوەند، دیارە خوداش بەپێی ئاڵوگۆڕی ئایینەکان ناوەکەی دەگۆڕدرێت:**

**سوڵتان خودایوەن زاتش یەگانە**
**کاوەی حوجاجان جە هەورامانە**

[٢٩]*-نەجاتی عەبدوڵڵا- چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، کوردستان، ٢٠٠٥، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ل١٢٧.*

[٣٠]*- ئەم دەستەواژانە لەلایەن فارس و ئازەربییەکانەوە وەك سوکایەتی پێکردن بە پەیڕەوانی ئەم ئایینە وتراوە (کورد بەچە)، بە مانای بەچکە کورد و (خروس کش)یش بە مانای کەڵەشێرکوژ دێت، چونکە یەکێك لەو گیانداره پیرۆزانەی یارسانەکان لە مەراسیمی قوربانی و جەمەکانیاندا بەکاری دەهێنن، کەڵەشێرە، ئەمە خاڵی پێچەوانەی یارسان و ئێزیدییەکانە، چونکە لای ئێزیدییەکان کەڵەشێر هێمای جاڕدەری رۆژێکی نوێیە و نابێت بکوژرێت.*

[٣١]*-سعیدي، گل بابا: فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٧، انتشارات شفیعی، ص٨٤٥.*

**هەر ئایینە و بەجۆرێك لەم نـاوە دواوە و وێنـای کـردووە، بـەڵام کرۆکـی مەسەلەکە هەر یەك شتە، وەك ئەوەی شێخ بەهایی دەڵێت:**

**هرکس به زبانی سخن از وصف تو گوید**

**بلبل به غزلخوانی و قمری به ترانه[٣٢]**

**ئایینی یارسان ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئایینەکانی رۆژهەڵات و زۆرتر لە بوونیادی باوەڕیدا لە بنەماکانی ئایینی (میترائیسم) نزیکە و پـاش ئـەویش ئایینی زەردەشتی، دیـارە ئـایینی زەردەشـتیش زۆر لـە بنـەماکانی ئـایینی میترائیسمی لەخۆیدا کۆکردووەتەوە.**

**یارسانەکان باوەڕیان وایە، دیرۆکی ئایینەکەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەزەڵ و حەقیقەت لەگەڵ ئافراندندا و ئەم ئایینە ئایینی خاوەندکارە.**

**وێکچووەکانی یارسان و میترایی و زەردەشتی:**

**بەو پێیەی میترایزم ریشەی هەردوو ئایینی زەردەشتی و یارسانە، بۆیە زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، لەوانەش:**

**-هەرسێ ئایین باوەڕیان بەوە هەیە کە مرۆڤ لە گیا دروست بووە.**

*[٣٢]- سید محمد حسینی، دیوانە گەورە، انتشارات باغ نی، ١٣٨٢ ، چاپ اول، ص٧١٣.*



**-هەرسێ ئایین ژمارە حەوت لایان پیرۆزە، لای میترایییەکان حەوت هێمایە بۆ (حەوت ئاسمان، حەوت چینی زەوی، حەوت پایەی گەردوون، حـەوت تـاقی پەرستگا، حەوت پایەی ئایینی).**

**لە یارساندا (حەوت تەن، حەوتەوانە، حەوت حەوتەوان، حـەوت خەلیفـە، حەوت خادم... هتد) هەیە، دیوانە گەورە حەوت بەشە.**

**حەوت جاویدان: تەنە نەمرەکانی ناو ئایینی زەردەشتن کە ئاهورامـەزدا و شەش فریشتەن کە بـریتین لـە: (بەهمـەن، شـەهریوەر، ئـەمورداد، خـورداد، سپندارند، ئوردی بەهەشـت)، لـە یارسانیشـدا حـەوت تـەن کـە نـەمرن و ئەوانیش بریتین لە: (پـیر بنیـامین، پـیر داوود، پـیر موسـی، پـیر مسـتەفای داودان، خاتو دایراك رمزبار، شا ئیبراهیم ئەیوەت، بابا یادگار).**

**-پیرۆزی رۆژ: لە ئایینی میترادا خودی میترا رووناکییە و لای یارسـانیش رۆژ (خۆر) پیرۆزە و سوڵتان ئیسحاق دۆنی میترایـە، واتـە ئـەویش رۆژە، لای زەردەشتییەکان رووناکی هێمای ئاهورامەزدایە.**

**-سروودەکانی بارگە بارگەی سـەرەنجامی یارسـان ٧٢ بەنـدن و سـروودی یەسـنای ئاوێسـتاش ٧٢ بەنـدە، ٧٢ پـیری یارسـان هەیـە، پشـتوێنی زەردەشتییەکان و هەورامی و یارسانەکان ٧٢ تاڵە داوە.**

**-سێ رۆژی دیار نـەمانی زەردەشـت لای زەردەشـتییەکان سـێ رۆژ رۆژوو هەیە، لای یارسانیش هەمان سێ رۆژ هەیە لە رۆژووی (مەرە نو) و (یـارانی قاوڵتاس)دا.**

**-هەنار یەکێکە لە میوە پیرۆزەکان لـە ئـایینی زەردەشـدا، هـەروەها لای یارسانیش پیرۆزە دادە ساری دایکی بابا یادگـار لـە دەنکـە هـەنارێك ئـاوس**

دەبێت و بابا یادگار لەدایك دەبێت، لە جەژنی خاوەندکاری و قاوڵتاسیشدا پێویستە هەنار بخورێت.

-لای میترابییەکان و زەردەشتی و یارسان و ئێزیدییەکان (جەم) هەیە، کە کۆدەبنەوە بۆ سرووتە ئایینییەکانیان و شوێنی بەرێوەبردنی مەراسیمە ئایینییەکانە.

-جلوبەرگی سپی: لای میترایی و زەردەشتی و یارسان و ئێزیدییەکان جلی سپی پیرۆزی هەیە، بەتایبەت لە جەم و بۆنە ئایینییەکاندا.

**نامەی سەرەنجام:**

**گرنگترین و پیرۆزترین کتێبـــی یارســان، یــان ئــەهلی هەقەکانــە و بــە شێوەیەکی تــەواوەتی لــە ســەدەی هەشــتەمی کۆچــیدا لەلایــەن ســولْتان و هاوەلاَنییەوە نووسراوەتەوە بە هەورامی[٣٣].**

**ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە ئەم کتێبە بەسەر شەش بەشی سەرەکیدا پـۆلێن کراوە، ئەوانیش بریتین لە: "بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانــە، گڵــیم و کــۆڵ، دەورەی چــلتەن، دەورەی عابــدینی جــاف، وردە ســـەرەنجام"، کــە بنــەما و تایبەتمەندی و هەموو یاسا و ڕێساکانی ئەم ئایینە لێرەدا نووسراوە.**

**سەرباری ئەوانە چەندین کتێبـی تریان هەیە کە بەپێی پۆلێنبەندی بـەم جۆرەن:**

**١-دەورە: ئــەو کتێبانــەن پێشــەکی دەورە بــە ناوەکانیانــەوە هەیــە، وەك: "دەورەی بالولی ماهی، دەورەی بابا سەرهەنگی دەودانی، دەورەی شاخۆشــێن، دەورەی بابا ناوسی سەرگەتی یــان بابــا ناوســی جــاف، دەورەی بابــا جــەلیل، دەورەی دامیار، دەورەی شاقولی، دەورەی پیرئالی، دەورەی شا هەیاس".**

**٢-ئەو کتێبانەی پێشــگری (کــەلام) بەناوەکانیانــەوە هەیــە، لەوانــەش: "کەلامی سەی ئاکبەری خامۆش، کەلامی پەردیوەری، کــەلامی شــاتەیموور، کەلامی زولفەقار، کەلامی جەناب ، کەلامی قاسید، کەلامی مجرم، کــەلامی خان ئەلْماس، کەلامی ئێلْبەگی جاف، کەلامی حەیدەری، کــەلامی دەروێــش**

[٣٣]-*نامق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١ سلێمانی، ل ٧٩*



**ئاجاق- کە ئەمەیان بە زمانی تورکی نووســراوە و کــەلامی ئێلْبــەگیش بــە شێوەی جافی نووسراوە.**

**١- ئەو کتێبانەی بە دەفتەر ناســراون وەك:" دەفتــەری شــندرویَ، دەفتەری ساوا، دەفتەری نــەورۆز ســورانی، دەفتــەری شــێخ ئــەمیر، دەفتــەری غولاَمان.**

**دەبێــت هــەموو یارســانێك لەهــەرکویَ بێــت ســروتە ئایینییــەکانی بــە هەورامی ئەنجام بدات.**

**زمانی ئایینی و نیاییشی یارسانەکان کوردیی هەورامییە، دکتۆر محەمەد عەلی سولْتانی بڕوای وایە وەك چۆن لەهەرشوێنێکدا موســوڵمانێك هــەبێت لەوێدا زمانی عەرەبی هەیە بەوجۆرەش لەهەرکوێدا یارسانێك هەبێت لەوێدا هەورامی هەیە.(٣٤)**

**لە سەردەمی دووەمــی (پــەردیوەر)[٣٥] و پــاش ســەرهەڵدانی (قووشچــی ئۆغڵی و شــاوەیس قــولی و محەمــەد بــەگ وخــان ئاتــەش) لــە تورکســتان،**

[٣٤]-*نامق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١ ، سلێمانی.*

[٣٥]-ئەو جێگە پیرۆزەیە لە هەورامانی لهۆن لە نزیك شێخانی سەر بە هەرێمی نەوسوود کە سوڵتان رووی تێکرد و لەوێدا ئەم ئایینەی کامڵ کرد، هەروەها کەعبەی یارسانەکانەکان لــەو شــوێنەدایە. هەرچــەندە لــە بــاوەڕی یارســـاندا بــەهۆی بــاوەڕبوون بــە (دۆنــادۆن و یەکێتیبوونەوە) هەریەك لە (جەم، دڵ)یش بــە قیبلــە دەزانــن، وەك ئــەوەی شــێخ ئــەمیر دەفەرموێت:

**کاوە(کعبە)ی من خاسەن نەسەنگ نەبەردەن، سەفای جەم یار شفای کول دەردەن**
**کاوەی من خاسەن بامۆزد و میزان، کاوەی من خاسەن وەجەوزیَ ڕەزان**

بەمەبەستی تێگەیشتنی پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە کتێبی سەرەنجام، ئەمانە (کەلام)[٣٦] ەکانیان بە تورکی نووسییەوە، هەرچەندە زۆرێك لە پەیڕەوانی ئەم ئایینە کاتێك لە ناوچە تورکنشینەکانی وەك تەورێزەوە دێنە پەردیوەر بە هەورامی کەلام دەخوێنن.

ئەمە تەواو لەگەڵ ئەو شیعرەی مەولانادا یەك دەگرێتەوە کە دەڵێت:

**تواف کعبه دل کن اگر دلی داری، دلست مقصود تو سنگ و گل چه پنداری**

**کمر به خدمت دلها ببند چاکر وار، که بر گشاید در تو تریق اسراری**

*[٣٦]-کەلام بریتییە لە گوتراوە ئایینییەکانی ئایینی یارسان، کە بەشێوەی شیعر نووسراون و زۆربەیان بە کێشی خۆماڵی نووسراون و پێی دەڵێن کەلام و بەوانەشی بەدەم نەوای تەمبوورەوە ئەم کەلامانە دەخوێنن، دەگوترێت (کەلام خوێن).*



## دۆنادۆن:

یەکێکی تر لە باوەڕە ئایینییەکانی یارسان، بڕوابوونە بە نەمری ڕۆح و گەڕانی ڕۆح، لە ١٠٠١ جاردا هەیە کە دوای ئەو گەڕانە خاوێن دەبێتەوە و دەگاتە مەنزڵی جاویدانی و بەو کردارەش دەگوترێت (دۆنادۆن).

کاتێك کەسێك لای یارسانەکان دەمرێت باوەڕیان وایە تەنیا (جامە) یان بەرگ، یان قاوغەکەی گۆڕیوە و ڕۆحەکە هەر ماوەتەوە.

هزری یارسان بە تێگەشتن لەو پاشخانە قوڵەوە کە هەیەتی، بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە لە کەسایەتییە ناودارەکان دەڕوانێت و باوەڕیان بەوەیە ڕابەرانیان هەریەکەیان دۆنی یەکێك لەو کەسایەتییانەیە و مرۆڤ دەرەنجامی کرداری ڕابردوویەتی، واتە پەیوەستە بە زەمانەوە.

بۆ نموونە (هەفت تەن)[٣٧] لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە دۆنی تردا و لە توخمە پێکهاتەکانی گەردوون و وەرزەکان و ڕەنگەکان و ڕۆژەکان زمان و... هتد بوون، کەواتە نیشانی ئەوەیە کە مرۆڤ دەکرێت لە دوێنێ و ئێستادا بوونی هەیە وەك ئەوەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە.

*[٣٧]-هەفت تەن بریتین لە حەوت فریشتەی نزیکی (سوڵتان ئیسحاق)ن، کە بریتین لە (سەید خضر ناسراو بە پیر بنیامین، موسیە سیاو ناسراو بە پیرداود، مەلا روکنەدینی دیمەشقی ناسراو بە پیرموسی، خاتون دایراك ناسراو بە ڕەمزبار، مستەفا داودان ناسراو بە کەماندار، شا ئیبراهیم ناسراو بە مەلەك تەیار، یان ئەیوەت، سەید ئەحمەد ناسراو بە بابا یادگار)، ئەمانە هەریەکە و کارێکیان هەیە لەوانە: (بنیامین پیرە، داود دەلیلە، پیرموسی دەفتەردارە، دایراك شەفاعەت بەخشە، مستەفا داودان فریشتەی ڕۆحکێشانە، فریشتەی بەڕ و بەحرە، فریشتەی دەورانی باقیە).*

| ژ | ناوی فریشته | دۆنی له سەردەمی ئاهورامەزدادا | دۆنی له سەردەمی کەیکاوس و شانامەدا | حەوت رەنگی پیرۆز | حەوت گەوهەری پیرۆز | حەوت رۆژی هەفتە | حەوت زمانی پیرۆز | دۆنی سەردەمی شەریعەت | توخمە سەرەکییەکانی گەردون | وەرزەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پیر بنیامین | زەردەشت | روستەم | سپی | دوڕ | ٣شەممە | عەرەبی | جوبرئیل | خاك | هاوین |
| ٢ | داودی کەوسوار | بەهمەن | گیو | شین | گەوهەر | ٤شەممە | فارسی | ئیسرافیل | با | بەهار |
| ٣ | پیر موسی | شەهریوەر | گودەرز | خۆڵە مێشی | سەدەف | شەممە | کوردی | میکائیل | ئاو | پاییز |
| ٤ | مستەفا داودان | خورداد | روستەمی یەك دەس | رەش | ئەڵماس | ٢شەممە | تورکی | عزرائیل | ئاگر | زستان |
| ٥ | خاتو رەمزبار | سپندار مەزد | فەرەنگیس | زەرد | بەرد | ٥شەممە | ئینگلیزی | فاتیمەی زەهرا | | |
| ٦ | بابا یادگار | ئەمرداد | سیاوەش | سەوز | یاقوت | هەینی | هیندی | ئیمام حسەین | | |
| ٧ | شابراهیم (روجیار) | ئوردی بەهەشت | جیهانبەش | سور | عەقیق | ١شەممە | بەربەری | ئیمام حەسەن | | |



**زەمان بوونێکی گشتییە کە (سات)ەکان پێکیان هێناوە، هیچ دابڕانێك لە زەماندا نییە، یەك بوونی و یەك بوویی هەیە، دەتوانین ئێمە هەم لە ئێستادا بین هەم لە رابردوودا[٣٨].**

**(عالی قەلەندەر)[٣٩] لەم بارەیەوە مەرەمو**
**گیلام دوون وە دوون، گیلام دوون وە دوون**
**عالی یەنان عالی گیلام دوون وە دوون**
**عالی قەلەندەر بگەندی ئەو شوون**
**ئیرەج بیانی پوور فەرەیدوون**

**واتە: گەلێك قاڵب و لاشەی تر گەڕاوم، من عالیم گەلێ دۆنی ترم کردووە، ئێستا وەك عالی قەلەندەرم و پێشتر من ئیرەجی کوڕی فەرەیدون بووم.**

---

*[٣٨]-طیب طاهري، تاريخ و فلسفه سەرئەنجام، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ٦٧-٧.*

*[٣٩] -عالی قەلەندەر یەکێکە لە یارانی سوڵتان ئیسحاق، ساڵی ٨٣٨ی کۆچی لە داڵاهۆ لەدایکبووە و لە دۆنێکدا بابا یادگار بووە و ئەویش دوای خۆی نەوەی جێ نەهێشتووە.*

**جەم:**

**ترادیسۆنی گرنگی ئەم ئایینە پێی دەگوترێت (جەم)، واتە کۆبوونەوە و ئەم وشەیە بە مانای (جمع)ی عەرەبی نایەت و خودی وشەکە ئاوێستاییە و لە هەندێك جێگەدا (کیانی)ییەکان بە کورتکراوەی جەمشید بەکاریان هێناوە[٤٠].**

**ئەم جەمە ئەرکە لەسەر کاکەیی، یان یارسان، یان ئەهلی هەق، کە بۆ جەژن و نیاز و سەرسپاردن و تەواوی بۆنەکانی تر، جەم بنەمای تایبەتی هەیە و گرنگیی جەم لە زۆر لە کەلامەکانیاندا باسکراوە، وەك ئەوەی لەم کەلامەی حەزرەتی سوڵتاندا هاتووە:**

**شەوقم زیاوە، شەوقم زیاوە**

**نەی جەمو یاران شەوقم زیاوە**

**ئەز عەنقام کیاست بیو چا کاوە**

**بدەرو دوعای نەزرو پاکتاوە**

**ویمیش نەی جەمدا مەکەری جەلا**

**روحتاف[٤١] خواجام بی وە سەر سەلا**

*٤٠-ارسي. زنر، طلوع و غروب زردشتی گری، ترجمە: دکتر تیمور قادری، انتشارات امیر کبیر، چاپخانە سپهر، تهران، ١٣٨٤، ص١٧-١٢.*

*٤١-سید محمد حسینی، دیوانە گەورە، انتشارات باغ نی، ١٣٨٢، چاپ اول، ص٦٥٦.*



**چوار تەن لە یەکەم جەمدا کە لە (کانی گویز) لە (شاهۆ) سازیاندا، ناوەکان بەمجۆرە بوون (روتاف، یان روحتاف بریتییە لە بنیامین، کەشکۆڵ داوودە، ئاتوسا یان هاتف بریتییە لە رەمزبار، قەڵەم بریتییە لە مستەفا).**

**روحتاف وتی بزانم چیتان پێیە دەری بهێنن وەك نیاز با جەم ساز بکەین، هەریەکەو شتێکیان پێبوو (روتاف شیرینی پێبوو، کەشکۆڵ هەنار، ئاتوسا بادام، قەڵەم بەڕوی پێبوو)، شتەکانیان تێکەڵ کرد و روحتاف (بنیامین) ئەم دوعایەی بەسەردا خوێند:**

**تێکەڵ بکەرمی، تێکەڵ بکەرمی**

**هەرچوار نیازما تێکەڵ بکەرمی**

**وە سۆز ئەسرین دوعاش بدەرمی**

**پەلامار وەجەم راسان بوەرمی**

**واتە: با هەرچوارمان ئەوەی پێمانە، تێکەڵی بکەین و بە سۆز و فرمێسکەوە دوعای بەسەردا بخوێنین و بچینە ناو جەمی راسانەوە.**

**دیارە خودی جەم پێشتریش وەك مەراسیم لەناو میترائیییەکاندا هەبووە و تێیدا میوانداری کراوە[٤٢].**

**لە جەمدا سەید هەیە کە سەرجەمە و پاشان خەلیفە و خادیم و جەمنشین و تەموروژەن و کەلامخوێن هەن.**

*٤٢-ن. ئیڤانۆڤا، پێڕەوانی راستی، یارانی کوردستان ((ئەهلی هەق))، ١٩٥٣، هۆڵەندا، وەرگێڕانی: ئاسۆ کەریم، پێداچوونەوەی: شکور مستەفا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، هەولێر، لاپەڕە ١١٣.*

**لە جەمدا خەلیفە وەك داوەر بۆ چارەسەری کێشەکانە و لە مەراسیمی ناونان و سەرسپاردندا کارەکەی جۆرێکی ترە و ئەگەر لە جەمێکدا سەید لەوێ نەبوو، ئەوا خەلیفە کارەکانی ئەو بەڕێوە دەبات بە بەڕێوەبردنی جەمیشەوە، هەرچی کاری خادیم هەیە بەشینەوەی خواردنی تایبەتی ناو جەمە کە پێی دەگوترێت (موچە)[٤٣].**

**موزیك:**

**موزیك یەکێك لە پایە گرنگەکانی ئەم ئایینەیە و هیچ مەراسیمێکی ئایینی بەڕێوە ناچێت بەبێ بەکارهێنانی موزیك و ئامێری تەموورە، یان تەمیرە، یان تەمبوور لای ئەوان پیرۆزە و بڕوایان وایە لە پێش خولقاندنی یەکەم مرۆڤەوە تەمیرە هەبووە و هەر بەهۆی تەمیرەوە رۆح چووەتە ناو تەنی یەکەم دروستکراوەوە[٤٤].**

**موزیك لای یارسان ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەواوی ئایینە رۆژهەلاتییەکان و لەوانیش گرنگتر موزیکی ئایینی زەردەشت و دواتر گۆرانی هەورامی. زەردەشتییەکان پتر بایەخیان بە مۆسیقا داوە. لە دەربارەکاندا، گرووپێك هەبوون بە ناوی (گوسان)، کە بە ئەمرازی موزیکی وەك: (بەربەت، روود، چەنگ و تەموورە) سروودیان گوتووەتەوە. وەك: باربود، نەکیسا، بامشاد و رامتین و... هتد، لە چاخی ساسانییەکان کە بەمانە دەوترا: گوسان (خونیاگەر). پیشەیان گۆرانیگوتن بوو بۆ ستایشی خواکان و مووبەدەکان و ئاورگەکان.**

**عادل محەمەدپوور باوەڕی وایە، گۆسان Gosan کە لە توخمی گۆ+سان پێکهاتووە (گەو: گەور، گەبر) یان گاور (مەجووس) و گەو (پالەوان) ناموسولمان و لادەری دیین. زاراوەیەکە بۆ زەردەشتیان و مەجووسیان بەکار دەهات.**

**بە عەرەبیش بووە بە کفر و کافر. "سان"یش بە دوو واتا بەکاربراوە. یەکەم بە مانای سولتان کە واتە مانای ئەوەڵ، گەورسان بەپێی یاسای فرێدانی فۆنۆلۆژی "ر" قرتاوە، بووەتە گۆسان، یانێ کەسێ، یان کەسانێك- کە هونەرمەند بوون، (خونیاگەریشیان پێ وتراوە، خونیاگەر لە پەهلەویدا: هونیواك کار، hunivakkar، لە رەگی (واناى) هۆرامی و هۆنینەوەی کوردی سۆرانی و پاشگری کارای کار، یانێ هۆزانڤان و سترانچڕ و...)، ئەمە باشترین بەلگەیە، لەسەر ئەوەی کە واژەی (گۆرانی) لەو کردەوە دێرینەی (گۆران)ەکانەوە وەرگیرابێت[٤٥].**

**لەناو یارساندا یەکەمین گرووپی موزیك کە ناوی برابێت، گرووپی (نۆسەد نۆسەد)ی (شاخۆشین)ە، هەموویان ژەنیار بوون و خودی شاخۆشین (تەمیرە-تەمبوور)ی لێداوە و ئەوانی تریش ئامێرەکانی تر، لە دەورەی**

***[٤٣]-ئێستاش لە هەوراماندا بەو شێوەی پێچانەوەی کە ژنان دوای نانکردن نانەکە قەد دەکەن دەوترێت موچە.***

***[٤٤]-ژان دورینگ، ترجمە: سودابە فضائلی، موسیقی و عرفان سنت اهل حق، نشر پرسش، چاپ اول، ١٣٧٨، تهران، ص١.***

***[٤٥]-عادل محەمەدپوور، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، ٢٠١٠، هەولێر، ل١٠٧.***

پەردیوەریشدا سولْتان ئیسحاق گرووپی (حەوت سازچی، حەوت ژەنیار و گوتارخوێن) هەبووە.

لە دەفتەرەکانی یارساندا ناوی زیاتر لە شەست ساز براوە کە هەموویان سازەکانی کوردستان بوون، گرنگیی موزیك بەگشتی و تەمبوور بەتایبەتی لای یارسان لە پایەیەکی مەزندایە.

وەك ئەوەی لەم کەلامەدا هاتووە:

**یار دیدەکانی بنیامین سازە**

**پیرموسی سیم و داود ئاوازە**

ئەمە لەکاتێکدا پایەی هەریەك لەو ناوانە پایەی بالاّن (بنیامین پیرەو سولْتان سەری پێ سپاردووە، پیرموسی فریشتە و دەفتەرداری نووسینی چاکە و خراپەیە، داود دەلیل و فریادڕەسە).

**یار دیدەکانی بنیامین پیرە**

**پیرموسی وەزیر داود دەسگیرە.**

## بۆچی هەورامی بووە زمانی ئایینی یارسان؟

زمان ناسنامەی میللەتانە، بەهۆی تێکەڵاوی نەتەوەکان زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت بەپێی هەلومەرجی کات و شوێن، لەوانەش بارودۆخی سیاسی و ئایین و فەرهەنگی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕ پێکردنی زمان لەچەند ئاراستەیەکەوە دەبینرێت:

١-دەکرێت زمانێك سەرەتا زمانی نەتەوەیەکی سەربەخۆ بووبێت، بەڵام بەدوورکەوتنەوەی هەندێك لە ئاخێوەرانی و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ زمانەکانی تر زمانێکی تر هاتبێتە کایە، کە بووبێتە زمانی بەرکار، ئەمە کتومت لەناو هەورامی و شەبەك و زازا و زەنگنە و باجەڵاندا دەرکەوتووە.

٢-زمانێك لە یەکگرتنی چەند زمانێکی دیکەوە هاتبێتە ئارا، زمانگەلێك کە جوگرافیایان پێکەوە نزیك بێت و پاڵیان بەیەکەوە دابێت، یان هۆکارێکی سیاسی سەپاندبێتی و بووبێتە زمانی فەرمی.

٣-بڕێ جار زمانی دەسەڵات خۆی سەپاندووە بەسەر زمانێکی تردا و زمانەکەی تری تەریك و نابووت کردووە "زمانی سەپێنراو وەك زمانی پیرۆز ناسێنراوە"، ئەگەر خەڵکی ئەو جوگرافیایەی کە بەسەریدا سەپاوە، قبوڵی نەکردبێت و بناشتیان کردبێت، ئەوا بە نەیار و جوداخواز ناوبراون و سەیرکراون.

٤-لەنێو سیستەمە شموولی و دیکتاتۆرییەکاندا هەمیشە هێزێکی پڕوپاگەندەی زۆر لە پشت زمانی دەسەڵاتەوە بووە، ڕەواجی بۆ پەیداکردووە و



بازاڕگەرمی بۆکراوە لەسەر حسابی زمانەکانی تر، ئەگەرچی ئەو زمانە لەڕووی گرامەر و سینتاکس و مۆرفۆلۆجیا و... هتد لاوازیش بووبێت، وەك ئەوەی ڕژێمی تورك دژی زمانی کوردی ئەنجامیدا و دەیگوت ئەوەی دەیەوێت مەدەنی و شارنشین و شارستانی بێت دەبێت بە تورکی خەبەر بدا، ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆرێك لەو کوردانە هەبوو کە باوەڕیان بە خۆیان نەبوو بە تورکی دەئاخاوتن، بۆئەوەی پێیان بگوترێت شارستانی، کە زانی هێشتا ناتوانێت زمانی کوردی لەبەین ببات، سزای دانا بۆئەوانەی بە کوردی دەئاخڤن.

## زوانی کوردی هەورامی لە ڕەوتی دیرۆکیدا:

زمانی کوردی هەورامی وەك زمانەکانی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وەك ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر شتەکانی تردا هاتووە.

دەبێت ئەوە بزانین زمانی دایکی ڕۆژێك دەستی پێکردووە کە پێشینەکانمان لەسەر ئەم بوومە و بەم زووانە ئاخاوتوون، یان بە زمانێك کە ئێستا هەورامی میراتگرییەتی.

دکتۆر حەبیبوڵڵای تابانی لە کتێبی (وحدت قوم کورد وماد)دا لە لاپەڕە ١١٥دا دەڵێت: "پێش هاتنی هۆزە ئاریاییەکان بۆ چیاکانی زاگرۆس، زوانی (هوریانی) لەناو زاگرۆس نشینەکاندا بەکاردەهات کە زوانی رەسمی دەوڵەتی میتانییەکان بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە زوانی هیندوئەوروپاییەوە نییە و زمانی ڕەسەنی زاگرۆس نشینەکان بووە، هوریانی زمانێکی باو بووە و پەیوەندی لەگەڵ زمانی (لولوبییەکان و کاسی و گۆتییەکان)دا هەبووە، کاتێك ئاریاییەکان دێنە ناوچەی زاگرۆس لەگەڵ زمانی ڕەسەنی ناوچەکە کەزمانی هوریانی بووە تێکەڵدەبن و دواتر ئەو زمانە دەکەنە بنەما بۆ زمانێکی نوێ، کە زمانی (ماد)ییەکان بووە و دواتریش ئاوێستای پێ نووسرایەوە"[٤٦].

[٤٦]-حبیب الله تاباني، وحدت قومي کرد و ماد: منشاء، نژاد و تاریخ تمدن کردستان نشر گستره، تهران، تاریخ نشر:١٣٨٠، ص١١٥.



ئەوەتا زمانناس و ئاوێستاناسێکی وەك (ژان کلنز، لیژ) باوەڕی وایە ئەلفا بێی ئاوێستایی هاوشانی ئەلفابێی یۆنانییە[٤٧].

شارستانییەتی (مێزۆپۆتامیا-نیۆئاوان)، هیتییەکان، هۆرییەکان، کاردۆخییەکان، میتانییەکان، ساسانییەکان و... هەروەها ئایین گەلی جۆربەجۆر لەم زێدە پان و گەورەیە هەبووە و هەیە، وەکو (میترائیسم-ئایینی پەرەستشی خۆر)، (مەزدائیسم- ئایینی زەردەشتی)، (یەهوودیەت-جولەکە)، ئیسلام، ئێزەدی، (یارسان-ئەهلی هەق) شەبەك، عەلەوی، هەقە و ئێزیدی، ئەم ئایینانە هەریەکە و بەجۆرێك لێك نزیکی لەگەڵ ئەوی تردا هەیە، "وەك ئەوەی ئێزیدی و یارسان و زەردەشتی لە زۆر خاڵدا کۆدەکاتەوە وەك باوەڕبوون بە دروستبوونی گەردوون"[٤٨]، یەکێك لە گرنگیی ئایینە ئارياییەکان پێگە و نەخشی ڕۆحە، ئەمەش دەروازەیەکە بۆ حوکمی عەقڵ[٤٩].

بەو پێیەشی ژیانی سەرەتایی بۆ ناوچە شاخاوییەکان دەگەڕێتەوە و (هەورامان)یش ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، بۆیە ژیان لەم ناوچەیە بۆ هەزاران ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، تەنانەت بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین ژیان لەم ناوچەیە بۆ زیاتر لە (سەد هەزار) ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، بەڵام تا کاتی دەرکەوتنی لۆلۆبییەکان وەك یەکێك لە کۆنترین ئەو کۆمەڵانەی

[٤٧]-راهنمای زبان های ایرانی، جلد اول، انتشارات ققنوس، تهران، ١٣٨٢، ص٧١.

[٤٨]-ئەنستاس ماری کەرمەلی، کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان جلیوە و مەسحەفا ڕەش، و.لە فەڕەنسییەوە: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٨٧.

[٤٩]-فلك الدین کاکەیی، لحظة الحکمة، مطبعة روکسانا، اربیل، ٢٠١١، ص١٤.

نیشتەجێی دەشتاییەکانی شارەزوور هیچ شتێکی وەها لەو مێژووە کۆنە نازانین، لۆلۆبییەکانیش بەر لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە ناوچەی شارەزوور نیشتەجێبوون و میرنشینی (خەمازی)یان دامەزراندووە، تا ئەوەی توانیویانە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ میرنشینی (ئێبیلا)ی باشووری شاری (حەلەب) لە وڵاتی شام دروست بکەن[٥٠].

سەبارەت بە ژیانی ئابووری لۆلۆبییەکانیش ئەوەندە زانراوە، کە کشتوکاڵیان زانیوە و برەویان پێداوە و ئاژەڵداری و بازرگانی کۆیلە و شمەکی ناومالّیان کردووە، تەنانەت ناوچەکانیان لە باشترین بازاڕەکانی دانەوێڵە بوون لەو سەردەمەدا[٥١].

لێرەوەش بە هەڵەدا ناچین ڕەچەڵەکی دانیشتووانی هەورامان، یان بە واتا مێژووییەکەی (هەورامییەکان) بۆ لۆلۆبییەکان بگێڕینەوە، کە ئەم ڕاستییە زۆر کۆنترە لە گێڕانەوەی ئەوان بۆ (بەهمەن کوڕی دارا کوڕی بەهمەن کوڕی ئەسفەندیار کوڕی گوشتاسپ کوڕی لەهراسب کوڕی سیاوەش کوڕی کەیکاوس کوڕی مەرمەهاد کوڕی مەنوچەهر کوڕی سیامەند کوڕی کیومەرس)[٥٢].

---

[٥٠]-اردشیر خدادادیان، اعتقادات اریائیهای باستان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، بدون سال و مکان چاپ، ص١٠٧.

[٥١]-د.جەمال رشید ئەحمەد و د. فەوزی ڕەشید: مێژووی کۆنی کورد، و. ملکۆ کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠١١، ل(٧٦).

[٥٢]- د.جمال رشید احمد و د. فوزي رشید: تاريخ الكرد القديم، الطبعة الاولي، مطابع دار الحكمة-اربيل، العراق، ١٩٩٠م، ص(٤٣-٥٢).



ئێستاش زۆرێك لە ناو و ڕاز و حەکایەتەکانمان لە ئاوێستادا دەدۆزرێنەوە و دووبارە لە شانامەی هەورامیدا بەرچاون و لەوێشەوە چوونەتە ناو شانامەی فیردەوسییەوە.

شانامە لە هەورامیدا بە مانای (نامەی شا) دێت و وشەی (شا) بە مانای گەورە و خاوەندکار دێت و ئێستاش لەناو یارسانەکاندا و عەلەوییەکاندا (شا) هەر بەهەمان مانا دێت و ئەوەتا هەریەك لە (شاعەلی و شاخۆشین و شای هەورامان) (سوڵتان ئیسحاق)، کە دەرکەوتەی خودایین لە سەرزەویدا ئەم پێشگری (شا)یە بە ناوەکانیانەوە هەیە، کەواتە (شانامە) واتە نامەی ئافرێنەر و خاوەندکار.

لای (پارتییەکان)یش بەهەمان مانای (نامەی خودا) دێت و پێیان گوتووە (خوتاینامە)، (خوتا) بە مانای (خودا) و ( نامە)ش هەر هەمان مانای نامە و پەیامی هەیە.

کۆنترین ئاسەواری کورد کە مابێتەوە (قەواڵەکانی هەورامان)ن، مێژووەکەیان بۆ سەدەکانی (٨٨ و ٢٢ و ٢١)ی پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە ژمارەیان ٣ دانەیە و لەسەر پێست نووسراون[٥٣]، لە ساڵی ١٩٠٥ لە کەتیبەی (تەنگیوەر) لە ٥٠٠ مەتری گوندی تەنگیوەری هەرێمی (ژاوەرۆ)ی هەوراماندا دۆزراونەتەوە.

---

[٥٣]-فلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و. لە فەرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٧٩.

**لەلایەن دکتۆر (سەعید خانی کوردستانی)یەوە گەیەنراونەتە دەست پرۆفیسۆر (ئیلیس منس و کاولی)و ئێستا لە مۆزەخانەکانی بریتانیادان[٥٤].**

**لە پەهلەویشدا (خشاه) بە مانای (شا) دێت و لەسەر زمان رۆیشتووە لە کوردیدا بووە بە ( خوا)، خشاه=خوا[٥٥].**

**لە شانامەی هەورامیدا لە باسی (کەیومەرسی پێشدادی)یەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە (گەشتاسپی کەیانی)، کە هاودەمی ژیانی زەردەشت بووە، لەناو زنجیرە پاشاکانی (ئەپرداتە-پێشدادی) و (کەویان- کەیانیان)یشدا بە دەورەی حەوت پادشای ناویان دەبات کە لەناو ئایینی یارساندا ئەمانە بوون بە (حۆتەوانە، یان هەفتەوانە).**

**زمانی مادەکان بەجۆرێ دەوڵەمەند بووە، دواتر هەخامەنشییەکانیش ئەو زمانەیان بەکارهێناوە و زمانی ئەوانیش بووە، بەڵگەش بۆ ئەوە، ئەگەر زمانی مادەکان و هەخامەنشییەکان یەك نەبووە، ئەی چۆن دواتر کورش و داریوش و پاشاکانی تری هەخامەنشی بەردەنووسەکانیان خوێندووەتەوە؟**

**ئەمە سەرباری ئەوەی زمانی ئاوێستایی زمانێکی دەوڵەتی و ئایینی بووە لە سەرانسەری جوگرافیای ئێراندا (مەبەست لە جوگرافیای سیاسی ئێستای دەوڵەتی ئێران نییە)، زۆرێك لە زمانناس و ئاوێستاناسەکان باس لە نزیکی ئەو زمانە ئاوێستاییە دەکەن لەگەڵ زمانی کوردیدا، بە گەواهی مێژوو ئەو زاراوانەی تا ئێستا لە کوردیدا زیندوون و ئێمە رۆژانە بەکاریان دێنین.**

***[٥٤]-عادل محەمەد پوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا...، چاپخانەی بابان، ٢٠٠٨، سلێمانی، ل٣١.***

***[٥٥]-کورش نیکنام، از نوروز تا نوروز، انتشارات فروهر، تهران، بدون سال چاپ، ص١٠٠***



**بەڵگەیەکی تر کە ناتوانرێت نکۆڵی لێ بکرێت، هەوای شیعری هەورامییە لەسەر هەمان کێشی خۆماڵی کە هاوشانی هەوای شیعری تێکستە ئایینییە کۆنەکانی کوردە، دوورە لە بەحری عەروزی عەرەبییەوە، ئەمە لە شیعری بەشەکانی تری کوردیدا نەك نابینرێت، بگرە عەروزی عەرەبی لەو رێگەیەوە هاتە ناو شیعری کوردییەوە و کێشی خۆماڵی وەلانرا، ئەوەش بۆ شکاندنی هەیبەتی تێکستە ئایینییەکان و کێشی خۆماڵی شیعردا کە تەنیا لە تێکستە ئایینییەکانی یارسان و شیعری شاعیرانی هەورامی نووسدا مابووەوە.**

**لێرەدا بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەم بۆچوونانە ئەم بەراوردکارییە دەکەم و دواتر دەبێتە دەروازەیەك بۆ وەڵامی دێرە شیعرەکەی سەید فەرزی و وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی هەورامی بووە زمانی فەرمی ئایینی یارسان؟**

## لیستی یەکەم:

| پالەوی | هەورامی | کوردی ناوەڕاست |
| --- | --- | --- |
| ئۆشتر | وشتر | حوشتر |
| پەروەرتەن | پەروەرنای | پەروەردەکردن |
| ئاتور | ئایر | ئاگر |
| وتەرتەن | ویەردەن | تێپەڕیوە |
| خاپ | خاو | خەو |
| رۆچن | رۆچن | رۆشنایی |
| نمە | نما | نوێژ |
| مژگ | مەژگ | مێشك |
| واو | یاو | تا |



## لیستی دووەم:

| ئاڤێستایی | پالەوی | هەورامی | | کوردی ناوەڕاست |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئێسمیٚ | هێسۆم | هێزمیٚ | | داری وشك |
| ئەشم | خەشم | شم | | توڕەبوون |
| ئەدەم | ئەز | | ئەز | مـن |
| زەیمە | زەیمێستان | | زمسان | زستان |
| مخشی | مخشی | | مەشی | مێش |
| مانووە | مانووە | | مەنووە | دەمێنێتەوە |

## لیستی یەرەم (سێیەم)

| ئاڤێستایی | هەورامی ئێستا | کوردی ناوەڕاست |
| --- | --- | --- |
| ئوروان | رەوان | رۆح |
| ئازی | هازی | حەز |
| ئاییشا | ئادیشا | ئەوان |
| تەرشنە | تەژنە | تینو |
| زەماتە | زەما | زاوا |
| سەرە | سەرە | سەر |
| سەرەتە | سەردا | سەرما |
| هوەر | وەر | خۆر |

**لیستی بەراوردی نموونە (٤)**

| زوانی پارتی | هەورامی ئارۆیی | کوردی ناوەڕاست |
|---|---|---|
| ئێر | چێر | ژێر |
| پەروەرتەن | پەروەردەن | پەروەردە |
| ئاتور | ئایر، ئاویر، ئەیر | ئاگر |
| وتەرتەن | ویەردەن | تێپەڕیوە |
| شماخ | شمە | ئێوە |
| تزەرگ | تەوەرگ | تەرزە |
| ناڤ | نامیٚ | ناو |
| کەن | کناچی | کچ |
| وەهانەك | بەهانە | بیانوو |
| کەوەتەر | کاوەتر | کۆتر |



## یارسان و هەورامی

هەورامی زوانی ڕەسمی ئەو ئاینەیە کە لەپاش لاوازبوونی ئایینی زەردەشت بە چڕوپڕترین و پڕ خەڵکترین و کاملترین ئایینی کوردی دێتە ژماردن، ئەویش (ئایینی یارسان، یان ئەهلی هەق)ەو یەکێکە لەو گەرەنتیانەی کە تا ئەو ئاینە برەوی هەبێت و پەیڕەوکارێکی هەبێت، هەورامی یان ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن ماچۆ لە برەودا دەبێت، وەك ئەوەی محەمەد عەلی سوڵتانی دەڵێت: "وەك چۆن لە هەرکوێدا موسوڵمانێك هەبێت لەوێدا زمانی عەرەبی هەیە، بەو شێوەیەش لە هەرکوێدا ئەهلی هەقێك هەبێت لەوێش هەورامی هەیە. ئەگەرچی کەمترین پەیڕەوانی ئەم ئایینە لە جوگرافیای هەورامانـدان و زۆرترینیان لە ناوچەکانی (کرماشان، تەورێز، مازیندەران، تاران، ئازەربایجان، خانەقین، کەرکوك، گەرمیان و سفەیە و وەردەك و ناوچەی شەبەك نشین و...هتد)دان، بەڵام شێوەی ئاخاوتن و نیاییشی خەڵکەکە زوانی کوردی هورامییە و پەیڕەوانیش بەخۆیان دەڵێن (ماچۆ)، کە هێمایە بە زوانی هەورامی، بەم پێیە ئەوانە بەشێکن لە هەورامان و خۆشیان شانازیی بە هەورامیبوونی خۆیانەوە دەکەن، ئەمەش سەلمێنەری رایەکەی بەڕێز سوڵتانییە.

هەر لەم بارەیەوە سەید فەرزی دەڵێت:

لەوز عەرەبیمان گێلا نەدەوران

کەردمان کەلام وەلەوز گۆران

واتە:

زمانی عەرەبی لەلای ئێمە و لە دەورانی ئێمەدا وەرگەڕاو نەما و کەلام و ئاخاوتنمان بە زمانی گۆرانی دەست پێکرد.

لێرەدا مانایەکی قوڵتر دەدا بەدەستی خوێنەرەوە، زمان یەکێك لە هێماکانە بۆ ئایین، چونکە هێزی مانەوەی زمانێك ئەوەیە هێزێکی ئایینی، یان سیاسی لەپشتەوە بێت.

کاتێك بەراورد لەنێوان عەرەبی و گۆرانی (هەورامی) دەکرێت، ئەوە ئاماژەیە بۆ دوو بەرەی بیرکردنەوە و دوو ئایینی جیاواز، ئێمە بیری عەرەبیمان وەلانا و بە گۆرانی بیرمان کردەوە.

عابیدینی جاف یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئایینی ئەهلی هەق، لە شارەزوور لەدایك بووەو یەکێکە لە هاوەڵە هەرە نزیکەکانی سان سەهاکی بەرزنجی و جێپەنجەی لەسەر (نامەی سەرەنجام) دیارە. لە شیعرێکی درێژدا کە باس لە مەیل و ئارەزووی خۆی بۆ ئایینی ئەهلی هەق و بنەما و فەلسەفەی ئەو ئایینە دەکات، لە جێگەیەکدا دەڵێت:

**بە پێی وتەی سەرەنجامم**
**لەم شارەزوورە هەنجامم**
**یارم لەوێ ئەدا کامم**
**لە بادە پڕ ئەکا جامم**
**سارێژ ئەکا ئێش و زامم**
**تا بگەمە هیمی و دامم**
**من عابیدنی هەورامم**
**دڵداری جوانی خواجامم**



یان لە جێگەیەکی دیکەدا هەورامان بەشاری خۆی دەزانێت، چونکە هەورامان یەکێکە لە شوێنە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق و چەندین جێگای پیرۆزیان لە هەوراماندا هەیە، لەوانە (گوندی هاوار کە خاکی پیرۆزی ئەهلی هەق)و (شێخان کە پایتەختی دەسەڵاتداری کاکەییەکان بووە و رووباری پیرۆزی سیروان بە قەراغ ئەو گوندەدا دەڕوات).

(پردیوەر) لە هەورامانە، ئارامگای سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی (سان سەهاك)ی لێیە و قیبلەی ئەهلی هەقەکانە، لەناو یارسانەکاندا هەورامان و زوانەکەی پیرۆزییەکی لە رادەبەدەریان هەیە، عابدین لەبارەی هەورامانەوە دەڵێت:

**شاری هورمزگانم جوانە**
**ئەم شارە بۆ یاران خوانە**
**ئاگرکانی گشت ماوە**
**گەرچی گەلێکی رماوە**
**باغ و بەری فراوانە**
**هەتا حەز بکەی ئاوانە**

زۆرێك لەوانەی کەمەندکێش و باتنداری ئەم ئایینە بوگن، هەورامییان کردووەتە زوانی خۆیان، بۆ ئەمەش بەڵگەی فرە و فراوانمان لەبەردەستان لە سەرەنجام و باقی دەفتەر و دەورەکانی تردا کە ئەوانەی لە (بولغاریا، چین، یەمەن، کابوڵ، مەغریب، شام، مەککە، ئەستەمبووڵ و هیندستان)ەوە

هاتوون و بە هەورامی بەیت و کەلامەکانیان نووسیوەتەوە. بابا هندۆ کە لە هیندستانەوە هاتووە، بەجۆرە باس لە هەورامان و هەورامی بەپیرۆزی دەکات، مەرەمۆ:

**وە ویت عەیانەن وەویت عەیانەن**

**ئینە ئەرەمای زاتی سوڵتانەن**

**پیرە بنیامین وەویت عەیانەن**

**واتەی هەورامی جەسەر زوانەن**

**سوڵتانم ساحێو هەردوو جیهانەن**

**مەکانش دورەن دورش مەکانەن**

واتە:

لە تۆ ئاشکراو دیارە ئەی بنیامین کە ئەمە نیشانەی حەزرەتی سوڵتانە کە بە زمانی هەورامی لەسەر زارمانە و ئەو خاوەنی هەردوو دونیایە و ئەو لە دورە و دوریش لەوە.

لە بەندی ١١ی هەمان دەورەدا بابا هندۆ لە باری ئایین و زوانیی خۆیەوە مەرەمۆ:

**جە زوان ویما بەینێن بیزارم**

**زوان هەورامی ئاما وەچارم**

واتە:

لێرە باری ئایینی وەك ئەرکێك کەوتە سەرشانم و من وەك بەندە و مەیتەرێك لەخزمەتی شادا خزمەت دەکەم و بە کەمی نازانم، تا دەگاتە ئەوەی بڵێت:



لە زمانی خۆم کە زمانی هیندییە، ماوەیەکە بێزار و بێتاقەتم و بۆ چارەسەری بێتاقەتی و بێزارییەکەم زوانی هەورامی هات بە فریامەوە و چارەی کردم، کە ئاماژەیە بۆ ئایینی یاری کە بە زمانی هەورامییە.

لە وەڵامی ئەم کەلامەی بابا هندۆدا، داودی کەوسوار لە بەندی ٢٦ لە دەورەی باباهندۆدا مەرەمۆ:

**هەرچە مەواچو هو وەزات ئەقدەم**

**زوان هندیش نەمەنەن چ دەم**

**وەزوان ئیمە دەس مەیو وە هەم**

**مەگیرۆ دامان داود خادم**

واتە:

هیندۆ هەرچی دەڵێت (هو) بەیادی زاتی بەرینەوە و لەتاو ئەو کەمەندکێشییەیدا زمانی هیندی لە دەمدا نەماوە و بە زمانی ئێمە (مەبەستی هەورامیە) نزا و پاڕانەوە دەکات و داوێنی داودی خادیم دەگرێت.

مەسەلەی هەورامان و زمانی هەورامی بۆ یارسانەکان واجبی ئایینییە و دەبێت پێوەی پەیوەست بن و خودی سوڵتان بە شای هەورامان ناسراوە و هەر خودی حەزرەتی شای هەورامان بە پەیڕەوکار و یارانی دەفەرموێت:

**هەرکەس جەوزش دان، هەرکەس جەوزش دان**

**نە دلی یاران، هەرکەس جەوزش دان**

**پەی کردەی ویەردە نەوو پەشیمان**

**دایم بواچۆ خوداما سوڵتان**

**دایم نام یار باران وە زوان**

پەی رای سەرەو ویش بوەخشتانان
وەماڵ دنیا نەویش سەرگەردان
دایم بواچۆ سەرم سپاران
سەڵام هەن وەدەس شای هەورامان
هەرچی مەکەرو هەن سایەو سەرمان
ئیختیار وە ویشەن پەی ئاماو لوان
واتە:

هەرکەس سەری سپاردووە بەم ئایینە و گـوێزی سەرسـپاردنی شـکاندووە (ئەمە ترادسیۆنێکە لەناو یارسانەکاندا، دەبێت هەموو منداڵێك کە لەدایك دەبێت، یان هەرکەسێك ئایینی یاری قبوڵ دەکات، مەراسیمێکی لەجەمدا بۆ سازبکەن و گـوێزی بـۆ بشـکێنن، لـە رابـردووی خـۆی پەشـیمان نـەبێت و هەمیشە بڵێت خودام سوڵتانە و هەمیشە ناوی ئەویان لەسەر زمـان بێـت و لەرێگەی ئەودا سـەریان ببەخشـن و بـە مـاڵی دونیـا سـەرگەردان نـەبن و هەمیشە بڵێن سەرمان سپاردووە و سڵاو دەنێرین بۆ شـای هـەورامان و ئـەو سایە و سەرمانە و هاتن و چوون، مردن و ژیان بەدەست ئەوە.

دەرەنجام:

پاش بەراوردە زمانییەکانی نێوان زمانە کۆنەکانی زاگرۆس و بە بەراورد لەگەڵ کوردی هەورامیدا و ئەو تیۆرییانەی باس لە زمان و ئەرکی زمان دەکەن، بەم دەرەنجامانەمان دەگەیەنن:

-هەندێك جار وەرگر بیری زمان وەردەگرێت، نەك خودی زمانەکە، لەکاتێکدا زۆربەی کۆمەڵگەی کوردی نەخوێندەوار بووە و زمانی عەرەبییان نەزانیوە و ئەوەی پێیان گەیشتووە بیری ئیسلامی بووە، کە دیوێکی تری فکری زمانی عەرەبییە، وەك ئەو پیرەوکارانەی ئایینی ئیسلام لە ناوچە غەیرە عەرەبییەکاندا، بۆیە کاتێك قسە لەسەر لادانی زمانی عەرەبی لای یارسان دەکەین، ئەوەمان مەبەستە کە بیری زمانی عەرەبییان وەلاناوە، چونکە خودی زمانەکە بە ناوچەکە نامۆ بووە.

-ئایین یەکێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی زمان، بەم پێیە یەکێك لە گەرەنتییەکانی پاراستنی هەورامی ئایینی یارسانە، وەك چۆن ئیسلام هۆکاری پاراستنی زمانی عەرەبییە.

-زمانی ئاینیی یارسان، پاشماوەی زمانی ئاوێستا و پارتییەکان و ئایینە کۆنەکانی ئێرانە، ئەو زمانی کوردییەی دەگوترێت لە ئاڤێستاوە نزیکە ئەوە بێ شك هەورامییە.

کەواتە ئەمەش نیشانەیەکی تری دەوڵەمەندیی زمانی کوردییە کە ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ قولایی زمانە کۆنەکانی زاگرۆس نشینەکان و ئەم خاڵە دەبێت لەلایەن زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکانی مێژوو، ئەدەبیات، زمانەوە کاری وردتری لێ بکرێت.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

توێژەر بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پاراستنی تەواوی شێوەزمانەکانی کورد و پتەوکردنی ئەو فرە ڕەنگییەی کوردستان، ئەم پێشنیار و ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

-گرنگیدان بە تەواوی شێوەزمانە کوردییەکان، بەتایبەتی هەورامی، چونکە بە دەیان دەستنووسی ئەدەبی و مێژوویی و ئایینی بە هەورامی نووسراون و ئەوانە بەشێکی گرنگی سامانی نەتەوەی کوردن و پاراستنیان ئەرکی هەموو لایەکە.

-هەوڵ بدرێت لەو ناوچانەی ئاخێوەری هەورامی هەن، وەزارەتی پەروەردە زەمینەیان بۆ بسازێنێت تا بتوانن وانەیەکی هەورامی بخوێنن بۆئەوەی لەڕووی زانستی زمانەوە زیاتر شارەزای ڕێزمانەکەی خۆیان بن.

-هەوڵ بدرێت بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە گۆڕانەکان هەبێت، تا زیاتر گرنگیی بە کلتوورەکەیان بدەن.

-حکومەتی هەرێم زەمینەی گەشەی زیاتری ئایینەکان بکات و یارسان وەك ئایین لە کوردستان و عێراقدا بناسێت تا وەك ئایینێك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و گەشە بە کلتووری خۆیان بدەن.

## فەرهەنگی زاراوەکانی یارسان

| ز | وشە | ماناکەی |
|---|---|---|
| ١ | ئینا | ئەمەیە |
| ٢ | ئەدا | دایك |
| ٣ | ئاما | هات |
| ٤ | ئەونامە | بە منداڵێك دەوترێت کە سەری دەسپێرن |
| ٥ | ئیوەت | شابرایم |
| ٦ | ئاڵ | رەنگێکە لەنێوان سوور و زەردا |
| ٧ | ئاخر سەلات | مەحشەر |
| ٨ | ئەوسا | ئەوکات |
| ٩ | ئەژدیهای دووسەر | زولفەقار |
| ١٠ | ئیوەت | لە دەورەی یەکەما دۆنی عالی قەلەندەر و لە پەردیوەردا بابا یادگارە |
| ١١ | ئەڵا | الله |
| ١٢ | بوینی | ببینی |
| ١٣ | بواچان | بڵێن |
| ١٤ | بوینان | ببینن |
| ١٥ | بنیشان | دابنیشن |
| ١٦ | بنیەران | دابنێن |
| ١٧ | بگوزەران | تێپەڕن |
| ١٨ | بەیان | بێن |
| ١٩ | بگیرا | بگرن |
| ٢٠ | برەژۆ | ئارایشت بکا |
| ٢١ | بەڕ | بیابان |
| ٢٢ | بولبول | جارچی |
| ٢٣ | باتن | دنیای غەیب |
| ٢٤ | بار | دەریا |
| ٢٥ | بەیا | بەکوردی کراوی بەیعەتە |
| ٢٦ | باردی | بێنن |
| ٢٧ | باران | بێنن |
| ٢٨ | بوەسان | ببەستن |
| ٢٩ | بورەشان | بفرۆشن |
| ٣٠ | پۆس | پێست- ئاماژەیە بۆ جەستە |
| ٣١ | پەشمە پۆش | صوفی |
| ٣٢ | پەری | بۆ |
| ٣٣ | پەیجۆر | گەڕان |
| ٣٤ | ترکە | بچووك |
| ٣٥ | تویل | بەکوردی کراوی (گویل)ە- گەورە |
| ٣٦ | تەیار | پاك |
| ٣٧ | تەشار | کانی پیرۆزی تەشار لە هەورامان |
| ٣٨ | تشتەر | ئاماژەیە بۆ گەرما- هێمای پیاوە |
| ٣٩ | تاو | خێرا-سرعت |
| ٤٠ | جامە | جەستە-قاوغ |
| ٤١ | جفت و جام | پەیوەستبوونی دوو دڵ (بۆ هاوسەرگیری بەکاردێ) |
| ٤٢ | جفتان | ژن و مێرد |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٣ | جەم-جەمخانە | شوێنی بەجێگەیاندنی مەراسیمە ئاینییەکانی یارسان |
| ٤٤ | چەی | لەمە |
| ٤٥ | چوار بەحر خامان | ئاماژەیە بۆ چوار رەگەزی ئاو،با، ئاگر، خاك |
| ٤٦ | چەم | چاو |
| ٤٧ | چەنی | لەگەڵ |
| ٤٨ | چین و ماچین | ئادەم و حەوا |
| ٤٩ | چل چەنی چواری | مەبەست لە چل تەن و چوار مەلائیکەی رێنوێنیکەری خاوەندکارە |
| ٥٠ | چلانە | دەستەی چل دەروێشی حەزرەتی سوڵتان |
| ٥١ | حەفت والای مەندیل | حەوتەوانە |
| ٥٢ | حەفت نوری نازدار | هەفتەوانە-حەوتەوانە |
| ٥٣ | خانان | ئاماژەیە بۆ پیر بنیامین |
| ٥٤ | خۆشکاو | خۆشحاڵ |
| ٥٥ | خاران | خرابکاران-دوژمنانی حەقیقەت |
| ٥٦ | خەناس | ئەهریمەن |
| ٥٧ | خامۆش | سەید ئەکابەری خامۆش |
| ٥٨ | دەلیل و دانان | ئاماژەیە بۆ داودی کەوسوار |
| ٥٩ | دام و دەستگا | ئاماژەیە بۆ دامەزراوەی ئایینی یارسان |
| ٦٠ | دەفتەر | دەفتەری پیرموسی |
| ٦١ | دەفتەردار | پیرموسی |
| ٦٢ | دیای | روانین |
| ٦٣ | دۆنادۆن | گەڕانی رۆح |



| | | |
|---|---|---|
| ٦٤ | روچیار-رۆجیار | خۆر-ئاماژەیە بۆ شابرایم |
| ٦٤ | رێش | برین |
| ٦٦ | رەژیان | ئارایشت کراوە |
| ٦٧ | زێڵ | کانگای هەست و سۆز |
| ٦٨ | زام | برین-زەخم |
| ٦٩ | زەمی | زەوی |
| ٧٠ | زەنگبار- حوش | رەش پێست |
| ٧١ | زەردە گڵ | ئەو خۆڵەیە ئادەمی لێ دروستکرا |
| ٧٢ | ژیوای | ژیان |
| ٧٣ | ژەرەژ | کەو |
| ٧٤ | ژەنای | ژەنین |
| ٧٥ | ساجنار | خۆر |
| ٧٦ | ساحبکار | خوداوەند |
| ٧٧ | سەرین | سەروتر |
| ٧٨ | سەڕافان | شارەزایانی نهێنی حەقیقەت |
| ٧٩ | سین و ئەلف و میم | سام |
| ٨٠ | شەرت و شۆن | شەرتی بنیامین |
| ٨١ | شەر | ئاسانکراوی (شرع) |
| ٨٢ | شای کەرەم داران | مەبەست سوڵتان ئیسحاقە |
| ٨٣ | شۆن بەران | ئەهلی لێکۆڵینەوە |
| ٨٤ | شاحەیدەر | مەولا عەلی |
| ٨٥ | شارەزیول | شارەزوور |
| ٨٦ | عەین و لام وی | عەلی |
| ٨٧ | عەجەو | بە کوردیکراوی عجب-ە |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٨ | عەرش | بارەگای حەزرەتی حەق و یارانی |
| ٨٩ | عالی | مەبەست لە عالی قەلەندەرە |
| ٩٠ | غەرقاو | کەسێك لە ئاوا بخنکێت |
| ٩١ | غافڵ | بێئاگا |
| ٩٢ | فام | تێگەشتن |
| ٩٣ | فاش | ئاشکرا |
| ٩٤ | قەڵەم زەڕین | مەبەست پیر موسی-یە |
| ٩٥ | قانا | قانع- رازی |
| ٩٦ | قیصری قیصر | کرداری ژن و مێرد |
| ٩٧ | قاپ رۆح | جەستە |
| ٩٨ | قەویل | قبوڵ |
| ٩٩ | قرمزی | شاوەیس قولی دووەم جلوەی دەرکەوتنی سوڵتانە |
| ١٠٠ | کەران | بکەن |
| ١٠١ | کافور | ئاماژەیە بۆ سەرما- هێمای ژنە |
| ١٠٢ | کینە | قین |
| ١٠٣ | کاوە | کەعبە |
| ١٠٤ | کەرا | دەکەن |
| ١٠٥ | گونبەت | میعراج |
| ١٠٦ | گردین | هەموو |
| ١٠٧ | گیرۆ | بگرێت |
| ١٠٨ | گیرە | بیگرە |
| ١٠٩ | گردما | هەموومان |
| ١١٠ | گیلاّ | دەگەڕێ |



| | | |
|---|---|---|
| ١١١ | لالّە | پاڕانەوە |
| ١١٢ | لەوح | ئاسمان |
| ١١٣ | لوان | چوە |
| ١١٤ | لازمەن | پێویستە |
| ١١٥ | لاشان | لایان |
| ١١٦ | مویچە | بەشە قوربانی لەجەمدا |
| ١١٧ | مەزهەر | دۆن-یۆرت |
| ١١٨ | میردان | یاران |
| ١١٩ | مەوڕۆ | دەبڕێت |
| ١٢٠ | ملان | دەچن |
| ١٢١ | مەوازو | دەیەوێت |
| ١٢٢ | مەوازان | دەیانەوێت |
| ١٢٣ | مەگێڵم | دەگەڕێم |
| ١٢٤ | مەشوری | دەشۆم |
| ١٢٥ | مەویژان | ئەبێژن |
| ١٢٦ | ماچان | دەڵێن |
| ١٢٧ | ماچمی | دەڵێین |
| ١٢٨ | ماچی | دەڵێیت |
| ١٢٩ | میکایل | پیر میکایلی دەودانی- یەکێکە لە هەفتاودوو پیر |
| ١٣٠ | مور | گیانەوەر |
| ١٣١ | میر | سەید |
| ١٣٢ | مرغ | رۆح |
| ١٣٣ | ماچۆ | دەڵێت |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣٤ | نال | نەعل |
| ١٣٥ | نەی | لەناو ئەمە |
| ١٣٦ | نەکەران | نەکەن |
| ١٣٧ | نەبو- نەوا | نەبێت—نەبن |
| ١٣٨ | نوختت | گوفتارت |
| ١٣٩ | نەی سایەی عەلەم | ئاماژەیە بۆ پەرچەمی یارسان |
| ١٤٠ | نەوەس | نەفس |
| ١٤١ | ناوەکام | ناکام |
| ١٤٢ | نەقش یاریشان | مەبەست لە سمێڵە |
| ١٤٣ | وانان | خوێندووە |
| ١٤٤ | وەهەم | لەگەڵ یەکتر |
| ١٤٥ | وەرجە | پێش |
| ١٤٦ | وەرەتاو | خۆرەتاو |
| ١٤٧ | واتە | گوفتار |
| ١٤٨ | وەرچینان | پێشتر |
| ١٤٩ | ویم | خۆم |
| ١٥٠ | وست | خست |
| ١٥١ | وەرین | پێشین |
| ١٥٢ | هاج | سەرشێت |
| ١٥٣ | هاشار | شاراوە |
| ١٥٤ | هورمزگا | ئاگرگە-ئاتەشگەدە |
| ١٥٥ | هیتە | جوت |
| ١٥٦ | یار زەردەبام | بابا یادگار |
| ١٥٧ | یا | سەرەتای دروستبوونی گەردون-یا سوڵتان |



| | | |
|---|---|---|
| ١٥٨ | یاڵدار | ئەسپ |
| ١٥٩ | یار | هاوەڵ و شوێنکەوتە |
| ١٦٠ | یانە | ماڵ |
| ١٦١ | یاوا | گەیشت |
| ١٦٢ | یاوان | گەیشتووە |
| ١٦٣ | یاوێنی | گەیشتوون |
| ١٦٤ | یاوناش | گەیاندی |
| ١٦٥ | یاونا | دەگەیەنن |
| ١٦٦ | یورت | دۆن |
| ١٦٧ | یۆشان | خۆیان |
| ١٦٨ | یوشا | یەکێکیان |
| ١٦٩ | یەرۆ | رۆژێك |
| ١٧٠ | یە | ئەمە |

## سەرچاوەکان


**بە کوردی:**

١- طیب طاهری، تأریخ و فلسفه سەرەنجام، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢- نەجاتی عەبدوڵڵا، چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، کوردستان، ٢٠٠٥، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٣- نامق هەورامی، تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١، سلێمانی.

٤- ن. ئیڤانۆڤا، پێڕەوانی ڕاستی، یارانی کوردستان ((ئەهلی هەق))، ١٩٥٣، هۆڵەندا- وەرگێڕانی ئاسۆ کەریم، پێداچوونەوەی شکور مستەفا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، هەولێر.

٥- محەمەدپوور، سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ٢٠١٠، هەولێر.

٦- ئەنستاس ماری کەرمەلی، کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان جلیوە و مەسحەفا ڕەش، و. لە فەرەنسییەوە: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

٧- د.جەمال ڕەشید ئەحمەد و د. فەوزی ڕەشید: مێژووی کۆنی کورد، و.ملکۆ کەلاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠١١.





٨- فلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و. لە فەرەنسییەوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٩- عادل محەمەد پوور، شەبەنگی زوانی کوردی هۆرامی لە گاساکان تا...، چاپخانەی بابان، ٢٠٠٨، سلێمانی.

**بە فارسی:**

١- ولادیمیر مینورسکی، کرد: تاریخ، زبان و فرهنگ، ترجمه: محمد رئوف یوسفی نژاد، نشر سهیل، تهران، ١٣٨٧.

٢- سعیدی. گل بابا: فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٧، انتشارات شفیعی.

٣- سید محمد حسینی، دیوانە گەورە، انتشارات باغ نی، ١٣٨٢، چاپ اول.

٤- ارسی. زنر، طلوع و غروب زردشتی گری، ترجمه: دکتر تیمور قادری، انتشارات امیر کبیر، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٨٤.

٥- ژان دورینگ، ترجمه: سودا به فضائلی، موسیقی و عرفان سنت اهل حق، نشر پرسش، چاپ اول، ١٣٧٨، تهران.

٦- حبیب‌الله تابانی، وحدت قومی کرد و ماد: منشاء، نژاد و تاریخ تمدن کردستان نشر گستره، تهران، تاریخ نشر، ١٣٨٠.

٧- راهنمای زبان های ایرانی، جلد اول، انتشارات ققنووس، تهران ١٣٨٢.

٨- اردشیر خدادادیان، اعتقادات اریائیهای باستان، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، بدون سال و مکان چاپ.

٩- کورش نیکنام، از نوروز تا نوروز، انتشارات فروهر، تهران، بدون سال چاپ.

**به عەرەبی:**

١- الألسنية التوليدية والتحويلية وقواعد اللغة العربية "النظرية الألسنية"، الدكتور ميشال زكريا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، ١٩٨٢.

٢- خليل أحمد عمايرة، في نحو اللغة وتراكيبها، منهج وتطبيق، عالم المعرفة، جدّة، ١٩٨٤م.

*٣- محمد محمد يونس على، وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلالة المركزية: دراسة حول المعنى ومعنى المعنى (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح)، ١٩٩٣.*

٤- ابن سينا، منطق المشرقيين، بيروتم دار الحداثة، ١٩٨٢.

٥- الشريف الجرجاني: التعريفات. بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٨، ص٢٥٧، والمناوي: التوقيف.

٦- ابن جني: الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، ط٣. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٤٠٦ هـ/١٩٨٦م. ج ١.

*٧- محمد السيد علوان: المجتمع وقضايا اللغة، الإسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٩٥.*



٨- ابن جني: الخصائص، تحقيق محمد علي النجار، ط٣. القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٤٠٦ هـ/١٩٨٦م. ج١.

٩- نعيم علوية، بحوث لسانية بين نحو اللسان ونحو الفكر، المؤسسة الطليعة للدراسات والنشر والتوزيع، ط٢، ١٩٨٦، بيروت.

١٠- على عبدالواحد وافي: اللغة والمجتمع. ط٤، جدة: شركة مكتبات عكاظ للنشر والتوزيع، ١٤٠٣ هـ، ١٩٨٣م.

*١١- محمد حماسة عبد اللطيف: النحو والدلالة، القاهرة: ١٩٨٣.*

١٢- برتيل مالبر، مدخل إلى اللسانيات، ت.السيد عبدالظاهر، القاهرة- مصر، ٢٠١٠م.

١٣- محمد عبد الشفيع عيسى: نظرية الحصري في القومية العربية: جدلية الإثبات والنفي. (بحث ضمن: ساطع الحصري: ثلاثون عاماً على الرحيل). بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية ومعهد البحوث والدراسات العربية بالقاهرة.

١٤- الحصري: أبحاث مختارة في القومية العربية، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٨٥.

١٥- موناغان، جون جست، بيتر (٢٠٠٠)، الأنثروبولوجيا الثقافية والاجتماعية، نيويورك، جامعة اكسفورد، سنة، ٢٠٠٠.

*١٦- إبستين، جريج (٢٠١٠)، من الجيد ان تكون بدون إله؟: بماذا يؤمن مليار شخص (غير متدينين)؟ نيويورك: هاربر كولينز.*

١٧- طلال أسد، الهيكل الديني تحت الأنثروبولوجيا، (كليفورد غيرتز، الدين مصطلح النظام الثقافي، ١٩٧٣). نقد ضد غيرتز من قبل طلال أسد

الـذي صـنف الـدين ضـمن "الأنثروبولوجيـة." (الهيكـل الـديني تحـت الأنثروبولوجيا، ١٩٨٢.

١٨- جوزيف بولبوليا، "هل هناك أي أديان؟ التفسير التطوري"، الأسلوب والنظرية في دراسة الدين، ٢٠٠٥.

١٩- ماك كوتشون: إعادة وصف في الدراسة العامة للدين، جامعة نيويورك ٢٠٠١.

٢٠- جيفري برود، أديان العالم: رحلة اكتشاف. مطبعة ساينت ماري، ٢٠٠٣.

٢١- فراس السواح، الأسطورة والمعنى، دراسات في الميثولوجيا والديانات المشرقية، دار علاءالدين، سوريا، ط٢، 2001.

٢٢- محمد الخطيب، الدين والأسطورة عند العرب في الجاهلية، دار النشر علاء الدين، دمشق، 2004.

٢٣- يسر محمد سعيد مبيض، اليوم الآخر في الاديان السماوية والديانات القديمة، دار الثقافة، الدوحة 1992.

٢٤- ميرسيا الياد، ت: عبدالهادي عباس المحامي، تأريخ المعتقدات والافكار الدينيية، دار الدمشق، الشام، ١٩٨٦، ج١.

٢٥- الدكتور ابراهيم محمد ابراهيم، الاديان الوضعية في مصادرها المقدسة وموقف الاسلام منها، مطبعة الامانة، مصر، ١٩٨٥.

٢٦- فلك الدين كاكەيى، لحظة الحكمة، مطبعة روكسانا، اربيل، ٢٠١١.

٢٧- د.جمال رشيد احمد و د. فوزي رشيد: تاريخ الكرد القديم، الطبعة الاولي، مطابع دار الحكمة، اربيل، العراق، ١٩٩٠م.

پێڕست



| | |
|---|---|
| **ئایین و زمان**<br>**فەلەکەدین کاکەیی** | ٧ |
| پێشەکی نووسەر | ٢٩ |
| **بەشی یەکەم**<br>**ئەم توێژینەوەیە بۆ؟** | ٣٥ |
| **بەشی دووەم**<br>**لایەنی تیۆری** | ٣٩ |
| **بەشی سێیەم**<br>**یارسان و هەورامی** | ٥٧ |
| نامەی سەرەنجام | ٦٥ |
| **بۆچی هەورامی بووە زمانی ئایینی یارسان؟** | ٧٧ |
| دەرەنجام | ٩٥ |
| **پێشنیار و راسپاردە** | ٩٧ |
| **فەرهەنگی زاراوەکانی یارسان** | ٩٩ |
| **سەرچاوەکان** | ١٠٧ |